# بەشداری ژنان لە سیاسەتدا

## مسۆگەرکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتیکە




گەلاوێژی ٢٠٢٣

# بەشداری ژنان لە سیاسەتدا

## مسۆگەرکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتیکە

ئامادەکردنی: کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی کژار
www.kjar.online
kjardiplomasi@gmail.com




KJAR

راپۆرتێکی توێژینەوە و شیکاری سەبارەت بە بەشداری ژنان لە سیاسەتدا لە هەر چوار بەشی کوردستان و ئێران

کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - کژار

# ناوەڕۆک

پێشەکی....................................................................................................٤
سیاسەت یان پۆلیتیکا چییە...........................................................................٥
گفتوگۆ لەگەڵ **هەڤاڵ فاتمە ئادار- ئەندامی ڕێکخراوی پەیوەندییەکانی ئافرەتانی کورد- ڕێپاک** ...........................................................................٨
گفتوگۆ لەگەڵ هەڤاڵ زیلان ڤەژین – هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاک .........................................................................١٦
گفتوگۆ لەگەڵ هاوژین شەهید فەخرەددین-چاودێری سیاسی ....................٢٢
گفتوگۆ لەگەڵ **ئەوین سوێد - نوێنەری خۆبەڕێوەبەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا لە باشوور**...........................................................٢٦
گفوگۆ لەگەڵ شەقایێق نەورۆزی چاودێری سیاسیی لە ئێران .......................٣١
گفتوگۆ لەگەڵ هەڤاڵ پەیمان ڤیان ئەندامی کۆردیناسیۆنی کژار ................٣٦

# پێشەکی

## «ئازادی تا نەبێتە خاوەن سیاسەتێکی ڕاست، پەرە ناسێنێت» (ڕێبەر ئاپۆ)

کۆمەڵگەی ئەخلاقی و سیاسی لەسەر بنەمای کولتووری خوداوەندێتی دایک پەرەیسەندووە و بە درێژایی دوو هەزار ساڵ بەرەنگاربوونەوەی بێپسانەوە، سەرچاوە لەو کولتوورەوە دەگرێت. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" کە چەخماخەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگایەتی ژنانی کورد لێدرا، بەردەوامی ئەو کولتوورەیە و توانی دەروازەیەک بۆ بەشداری هەر چی زیاتری ژنان لە سیاسەت دا بکاتەوە. ئەم شۆڕشە توانی ئەو تێگەیشتنە دروست بکات کە **هەموو گۆڕەپانەکانی ژیان سیاسییە**. کە واتە، توانی واتای ڕاستەقینەی سیاسەت بەدی بێنێتەوە. گەلانی ئێران جارێکی تر سەلماندیان کە سیاسەت بێ کۆمەڵگە نابێ. ئەگەر سیاسەت بۆ کۆمەڵگە خولقاندنی باش، ڕاست و جوان بێ؛ ئەوە کۆمەڵگە خۆی لە هەمووان باشتر دەزانێت چۆن سیاسەت بکات. لەو بارەیەوە ئازادی ڕادەربڕینی کۆمەڵگە و تاکەکان، لە واتا ڕاستەقینەکەیدا نێشاندانی ئیرادە دەربارەی ژیانی خۆیانە. ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «هەر کۆمەڵگەیەک (کلان، عەشیرە، نەتەوە، چین، تەنانەت دامەزراوەکانی حکومەت و دەسەڵات) پەرە بە سیاسەتەکەی نەدات، مەحکومە بە شکست. نەبوونی گەشەسەندنی سیاسی بە واتای تێنەگەیشتنە لە "ویژدان، بەرژەوەندییە ژیانییەکان و هەبوونی سروشتی" مرۆڤ. بۆ هەر کۆمەڵگەیەک کەوتن و شکستێکی خراپتر و قورستر لەمە ناتوانێ هەبێت. تەنیا کاتێک ئەم کۆمەڵگەیانە لە پێناو بەرژەوەندییە سروشتییەکان و شوناس و ویژدانی دەستەجەمعی خۆیاندا بوەستنەوە و بە واتایەکی باشتر خەباتی سیاسی بکەن، دەتوانین بڵێین بەدوای ئازادیدا دەگەڕێن. داوای ئازادی بەبێ سیاسەت هەڵەیەکی گەورەیە.» لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا کۆمەڵگەی ئێران ئەوەی بە پراکتیک کرد و هەموو گەلانی ئێران بە پێشەنگایەتی ژنان و گەنجان جارێکی تر هەستانەوە بە ئەنجام دانی ئەرکی مێژووییان. هەر بۆیە بە پێی ڕێژەی زۆری هەوڵەکانی ژنان بۆ بەشداریان لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بە پێویستمان زانی لەم నامیلکەیەدا، هەر چەند کورت، باس لە سیاسەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکان کە لە دەوری ژن پێک دێت بکەین و هەروەها بتوانین هەندێک لە ئەزموون و بۆچوونەکانی ژنانی تێکۆشەر کە پێشەنگایەتی بۆ خەباتی سیاسی لە کوردستان و ئێران دەکەن وەربگرین و بۆ هەموو تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی بگوازینەوە.

## سیاسەت یان پۆلیتیکا چییە:

تا چەمکی سیاسەتێکی پشتڕاست بە دەوڵەت و خووەکانی هەڵنەوەشێنرێتەوە کە سیاسەت وەک ئامرازی خەڵەتاندن و سەرکوت بەکار دێنێ، کۆمەڵگە هەمیشە لە سیاسەتدا پەراوێز دەخرێ و دەبێتە ئۆبژەیەکی سیاسی. بۆ ڕوونەدانی ئەوە، کۆمەڵگە و تاک دەبێ دونیای هزری خۆیان زۆر بەهێز ئامادە بکەن. چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو هەبوونانەی بۆ ئازادی پێویستن، دەبێ پەرە بە سیاسەت بدەن. چوونکە شۆک و تراژیدیای سەرەکی لە مێژووی ژنان دا، پەیوەندی بە بێ بەشبوونمانە لە هێزی سیاسی کە بەرژەوەندی، باشی و سودی ڕەگەزیمان لەبەرچاو نەگیراوە. ڕاستیەک هەیە کە ئێمەی ژن، بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو، پێنج هەزار ساڵە لە مێکانیزمەکانی گفتوگۆ و بڕیاری پێویست لەسەر هەبوونمان، پێویستییە ماددی و مەعنەوییەکان و خەیاڵمان بێبەش کراوین، وە ڕاستیەکە کە هێزی هزریمان و کاروباری هاوبەشمان کە هەروەک سەرەتای کۆمەڵگەبوون، لە پێناوی سەرکەوتن لە دۆزینەوەی باشترین کارەکان و لە بەرژەوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی دایە، هەمیشە ڕووبەڕووی تەگەری سەرکوتی دەوڵەت و دەسەڵاتداری دەبێتەوە. بەو پێیە سیاسەتی ڕاست لە پێناوی ژناندا، کۆتایی هێنانە بەو ڕاستیە و گۆڕانکاری و خۆسازدانەوەیە لە پێناوی سودی هەموو کۆمەڵگە، سەرلەنوێ و لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی. ئەوە مەرجە بۆ پەرەپێدان بە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و سیاسی لە دەوری ژن. داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و بەجێهێنانی دەبێتە دژە-ژەهری سیاسەتی تاکڕەوانە و قڕکردنی کۆمەڵگە لەلایەن مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە. بەو واتایە کە ژنان دەکرێ هەموو ئەزموونە تاڵەکانیان وەرچەرخێننە وانەی بەهێزی گۆڕانکاری. لایەنە پۆزیتیڤەکەشی ئەوەیە کە وەک چالاکی سەرپێشخستنەوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک و ئازاد، تێکهەڵکێشی پێشکەوتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی بکەن. ئێمەی ژن دەکرێ کۆتایی بە گەمەی سیستەمەکانی دەوڵەتگەرێتی بێنین کە سیاسەتی دژبەری کۆمەڵگە پەیڕەو دەکات یان کۆمەڵگە لە سیاسەت پەراوێز دەخات. هیچ کەسێکیش بە هێندەی ئێمە ئاگای لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەکەمان و چارەسەریەکانی نییە. چونکە ژن، هەبوونی لەگەڵ ئەو دەزگایانەی دەوڵەت دا ناکۆکن کە دەیەوێت لە جێی کۆمەڵگە پەرە بە دامەزراندنی خۆی بدات.

« وەک ویژدانی مێژوو و کۆمەڵگە، لە هەموو کاتێک زیاتر ئەخلاقەکەمان فەرمانی بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی وشیارانە و گۆڕانکاری و وەرچەرخانی پێشبینیکراومان پێدەدات.» بەرگری کردن لە گەلێک – ع.ئۆجالان. «ئەگەر ئازادیمان دەوێ بەر لە هەموو شتێک پێویستە لە ڕێگەی هێزی ڕۆشنبیریمان سەرلەنوێ ویژدانی هاوبەشی کۆمەڵگە واتە ئەخلاق و ئەقڵی هاوبەشی (سیاسەت) لە هەموو لایەنێکەوە بخەینە سەرپێ و کارای بکەین، لەوە زیاتر هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە.» سۆسیۆلۆژی ئازادی – ع. ئۆجالان

وەک وشە: پۆلیتیکا کە دەستەواژەکانی بەڕێوەبەرێتی و دەسەڵاتمان بیر دێنێتەوە، وەکوو وشە بنەچەکەی یۆنانییە و مانای «بەڕێوەبەرێتی شار» دەبەخشێت. پۆلیتیکا، لە وشەی (پۆلیس)ەوە وەرگیراوە؛ لە یۆنانی کۆن، بە حکومەتی شار یان شار-دەوڵەت، دەگوترا پۆلیس. فۆڕمی عەرەبییەکەی، واتا سیاسەت، لە ڕووی وشەییەوە لە «سئیس» بە واتای دەستەمۆکەر و بەخێوکەری ئەسپ وەرگیراوە. لە ڕوانگەی چینی سەردەستانەوە نیشانەی پەروەردە کردن دێت. مەبەست، کێشانی کۆمەڵگە بۆ سەر ڕێگەی خوازراو و بە واتایەک لە واتاکان ناچارکردنی کۆمەڵگە بە گوێڕایەڵییە. بەڵام کاتێک وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باس بکرێت، دەبێت وەک پەرەسەندنی بەڕێوەبردنی ئازادانەی کۆمەڵگە و گەشەکردنی کەسێتیەکەی پێناسە بکرێت. نابێت سیاسەت لەگەڵ خۆبەڕێوەبەرێتی و بەڕیوەبەرێتی دەسەڵات هاوتا بکرێت. «ڕاڤە کردنی پۆلیتیکا (سیاسەت) وەک بواری ئازادی کۆمەڵگە، بواری ئافراندنی ئیرادە و مانای پەرەسەندنی، زیاتر نزیک بە راستیەکەیەتی. بگرە دەبێت سیاسەت لەگەڵ ئازادیدا هاوتا بکرێت. لێرەدا لە بواری هزر و کردارەوە کۆمەڵگە پەی بە ناسنامەی خۆی دەبات، پەرەی پێ دەدات و بەرگری لێ دەکات.» دۆزی کورد و ڕێگە چارەی نەتەوەی دیموکرات -ع. ئۆجالان

ئەگەر ڕۆڵی ئەخلاق بە باشترین شێوە ئەنجامدانی کارە ژیانییەکانە، ڕۆڵی سیاسەتیش دۆزینەوەی باشترین کارە. سیاسەت هونەرێکی زۆر زەحمەتە و سیاسەت (پۆلیتیک)ی راستەقینە لە پێناسەکەیدا شاراوەیە. جگە لە ئازادی، یەکسانی و دیموکراسی هیچ دەستەواژەیەکی دیکە ناتوانێت بەرژەوەندییە ژیانییەکانی کۆمەڵگە ڕوون بکاتەوە. لە دۆخێکی وەهادا، لە بنەڕەتدا سیاسەت بەواتای چالاکییەکانی ئازادی، یەکسانی و دیموکراسی دێت کە لە پێناو بەردەوامکردنی ماهییەت یاخود هەبوونی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و سیاسی لە ژێر هەر هەلومەرجێکدا ئەنجام دەدرێت. رێبەر ئاپۆ دەڵێت: «لە سروشتی سیاسەتدا ئازادی هەیە، ئەو کۆمەڵگە و نەتەوانەی سیاسی دەبن، ئەو کۆمەڵگە و نەتەوانەن کە ئازاد دەبن.»

لە کاتێکدا سیاسەت ببێت بە دۆخی هێزی خۆبەڕیوەبەرێتی، ئەوا ناسنامەی سیاسەتی دیموکراتیانە بەدەست دێنێت، بەڵام ببێت بە بەڕیوەبەرێتی دەسەڵات ئەوا مانای لادانی سیاسەتە لەناوەڕۆکی خۆی و تەنانەت وەک نکۆڵیکردنی لە خودی خۆی هەڵدەسەنگێنرێت. گۆڕەپانی دەسەڵات ئەو بوارەیە کە نکۆڵی لە سیاسەت دەکرێت. هەر بۆیە بەڕیوەبردنی دەوڵەت، بەپێچەوانەی بانگەشەکانی لیبەراڵیزمەوە سیاسەت و بەڕیوەبردنی سیاسی نییە، بەڵکوو نکۆڵیکردنی سیاسەتەو مانای جێگرتنەوەیەتی لە لایەن بەڕێوەبەرێتی هەرەمەکی دەسەڵات. هەرگیز ناکرێت بەڕێوەبەرێتی دەوڵەت وەک سیاسەت پێناسە بکرێت. بەڵکوو جۆرێکی دەسەڵاتی ڕێساداراە کە بە فۆرم گەیشتووە.

**خودی دەسەڵاتیش لەهەموو بوارێکدا نکۆڵیکردنی سیاسەتە.** ژن-دایک هێزی سەرەکی کۆمەڵگەبوون و ئافرێنەری هونەری سیاسەتە. ئەو بوو کە دەیان هەزار ساڵ کاری باشی بۆ کۆمەڵگە دۆزییەوە و کردوویەتی. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا حەزنەکردن لە سیاسەت لە لایەن ژنان و گەنجانەوە لە تەواوی جیهاندا، تەنانەت بەچاوی نەفرەتەوە سەیرکردنی سیاسەت، پەیوەندی بە دوورکەوتنەوەی سیاسەتە لە واتا و ئەرکی راستەقینەی خۆی. کاتێک ژنان و گەنجان کە هێزی بزوێنەر و ئازادیخوازی کۆمەڵگەن، مەودا دەخەنە نێوان خۆیان و سیاسەتەوە، ئەوا ئەو بڕیار و میکانیزمانەی کە بەڕێوەچوونی ژیانی کۆمەڵگە دیاری دەکەن، بە بەردەوامی لە پاوانی شارستانی دەوڵەت و دەسەڵاتداریدا دەمێنێتەوە.

لە لایەن ژنانەوە سیاسەت -پۆلیتیک، بابەتێکی سەرەکەیە، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنێک بۆ جێبەجێکردنی کاری کۆمەڵایەتی. پەیوەندییەکی ڕاسەتەوخۆی هەیە لەگەڵ رێکخستنی ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە کۆمەڵگە و بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە. میتۆلۆژی لەو بوارەوە بەڵگەی مێژوویی و راستیەکانی تۆمار کردووە. عەقڵیەتی پیاوی دەسەڵاتخواز کە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر بەو شێوازە بوو کە، ژنان کە لەسەرەتاوە دەستیان بە درووست کردنی کۆمەڵگە و بەرەوپێش بردنی کردبوو، لە دەرەوەی سیاسەت هێشتەوە. لە کاتێکدا کە سەردەمی گەورەترین دەورەی رەنج و زەحمەتە؛ لە دەرەوەی بڕیار و ئیرادەی سیاسی هێشراوەتەوە و لە پەراوێزی ئەوکارە کۆمەڵایەتیانە هێشترانەوە کە ئەنجام دەدران. یەکەم هەنگاوەکانی پیاوسالاری بۆ ناو سیاسەت، ئەو کاتە کە هێرشە گەورەکەی خۆی دەست پێکرد لە سەر بنەمای دەست بەسەرداگرتنی دەسترەنجەکانی ژنان بوو. ئیتر وەک تاکە فەرمانڕەو، دەسەڵاتدار و چەوسێنەر دەستیان گرتبوو بەسەر ڕەنج و ئەو کارە کۆمەڵایەتیانەی لەدەوروبەری ژندا ئەنجام دەدرێن. مێژووی پیاوی دەسەڵاتدار، واتایەکی جیاواز بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژن و پیاو دەبەخشێت، ئەمەشی کردە بیانوویەک بۆ دەست گرتن بە سەر کار و دەست رەنجی ژن. لە سەرووی هەموو ئەو بیانووانەشەوە ئەو پێناسەی کە ژن ناتەواوە و لە پەراسووی ئادەم خوڵقێنراوە، بوو بە هۆکارێک کە ژن لە دەرەوەی کاری کۆمەڵگە بمێنێتەوە. هزر و بیری پیاوی فەرمانڕەو، ئەو دەسەڵاتداریەی بردە ناو سیاسەتەوە و تا رۆژی ئەمڕۆ بەردەوامە. ئەو پیاوەی کە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی ژنی دزی، بە دیارکردنی ڕۆڵی وەچە خستنەوە و ئەنجام دانی کاری ناوماڵ، ژنانی داخستە ژێرترین پێگە و ئاست لە ناو کۆمەڵگەدا. ژن کە لە بواری بیۆلۆژی، فیزیکی و فکری، خوڵقکارە، دەدۆزێتەوە، پەرە پێ دەدات، بەرگری لێ دەکات، پەروەردە دەکات، و ژیان دەئافرێنێت؛ بووە بە کۆیلەیەک کە لە کەد و رەنجی سوود وەردەگرترێت و هیچ حیسابی بۆ ناکرێت.




سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ژن و سیاسەت، لەمپەڕەکانی سەر ڕێگەی ژنان لە کاتی خەباتی سیاسی لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان و دەستکەوتەکانی چەندین ساڵەی ژنانی کورد، لەگەڵ بەڕێز **هەڤاڵ فاتمە ئادار- ئەندامی ڕێکخراوی پەیوەندییەکانی ئافرەتانی کورد (ڕێپاک)**، گوفتوگۆیەکمان ئەنجام داوە تا بتوانین لە ئەزموونی سی و چەند ساڵەی بەڕێزیان سوود وەربگرین و بۆ ژنانی ئازادیخوازیان بگوازینەوە.

## پەیوەندی نێوان ژن و سیاسەت:

پێویستە لە سەرەتاوە کە ژن دەکەوێتە ناو کاری سیاسیدا، خۆی لە بواری ئایدیۆلۆژی، فەلسەفی، فکری، لێکدانەوەی مێژوویی و هۆشمەندی پەروەردە بکات. چونکە تا گۆڕەپانی سیاسەتی پێنج هەزار ساڵە کە لە لایەن پیاوی دەسەڵاتخوازەوە دروست کراوە وەرچەرخانی بەسەردا نەیە، چوونە ناو سیاسەت؛ **دۆخێک جگە لە خۆ لە پیاو چواندن و بەردەوام کردنی هەمان ڕی و ڕێباز بۆ کاروباری کۆمەڵگە** بەڕێوە ناچێت. هەر بەم هۆیەوە دەبێت گۆڕەپانی سیاسەت کە بە دەستی پیاو ئاوا کراوە، لێ پرسینەوەی لێ بکرێت و ڕووبەڕووی ڕەخنەی جددی بێتەوە و هەروەها پێک هێنانی گۆڕەپانی سیاسەتێک کە کۆمەڵگە خۆی بڕیاری خۆی بدات دەبێت ببێتە ئامانجی سەرەکی ژنان. چوونی ژن بۆ ناو ئەم گۆرەپانە دەبێت لە سەر بنەمای، گۆڕین و تێپەڕ کردنی سیاسەتی پیاوسالارانە بێت کە بووەتە هۆی مەترسی بۆ ژینگە، کۆمەڵگە، مرۆڤایەتی و هەموو هەبوونێک. پێویستە ژن، لە بەرامبەر کار و خەباتی کۆمەڵایەتی کە داگیر کراوە و دزراوە هەڵوێست بگرێت و ئەمە بگۆڕێت و وەرچەرخان درووست بکات.

لە ڕاستیدا ژن، وەک تێکۆشەرێک و کاراکتەری سەرەکەی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک بە بەردەوامی لە ناو تێکۆشان دا بووە. بەڵام نەیتوانیوە راستینەی سیاسەتێک کە پیاو لە سەر بنەمای سیاسەتی داگیرکردن و تاڵان کردن پێکی هێناوە، تێپەڕێنێت. ژنان کە لە مێژووی مرۆڤایەتی تا رۆژی ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت، لە ناو خۆڕاگری و تێکۆشان دا بوون و لەم دووسەد ساڵەی ڕابردوو دا، هەر لە گۆڕەپانی سیاسەتی پیاوسالارانەدا تێکۆشانێکی ڕاستەوخۆیان کردووە تا بتوانن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیان ببن بە خاوەن دەنگ و بڕیار. لەم بوارەوە تێکۆشان و خۆڕاگریەکی جددیان نیشان داوە. مرۆڤ دەتوانێت باس لە پێشەنگانی گەورەی ژنان بکات کە بۆ ئەوەی بتوانن لە گۆرەپانی سیاسیدا هەبوونی خۆیان بەردەوام بکەن لە خۆبردوویەکی زۆریان نیشان داوە. یەک لەوانە ماریە ئۆلیپ گۆگسە، کە دایانە بەر گیۆتین. گۆگسە بەر لەوەی کە لە گیۆتین بدرێت ئەڵێت: «ئەگەر مافی لە گیۆتین دانی ژنان هەیە، دەبێ مافی هاتنە سەر کورسی و قسەکردنیشان هەبێت». لە رۆژی ئەمڕۆماندا ئەم داخوازە لە ئاستێکی بەرزتر لە سەر بنەمای ناڕازی بوون بەردەوامە و تێکۆشانی ژنان پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە. حەقیقەتی سیاسەتی ئالتەرناتیو کە تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە، کۆمەڵایەتی بوون، کۆمیناڵیتە و بەشداریەکی راستەوخۆیە لە بەرامبەر سیاسەتی پیاوی سەردەست کە خۆی پەیوەست کردوە بە تاکگەرایی و وەکوو رەوتێکی عاقڵانە پێناسەی دەکات. پێویستە سیاسەت بە ئازادییەکی ڕادیکاڵ، یەکسان و پڕاوپڕ لە دیموکراسی دابڕێژرێتەوە؛ وەکوو گۆڕەپانێک کە هاوژیانی، جوانی، باشی و ڕاستی سەروەر بکرێت و لەگەڵ ژنان سەرلەنوێ سەرەڕاست بکرێتەوە. دیارە کە پێویستە پەیوەندی ژن و سیاسەت لە سەر بنەمای ئەم پێرسپێکتیڤە سەر لە نوێ دابڕژرێتەوە.

## ئەو ئاستەنگیانەی کە ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی لە رۆژئاوا و باکووری کوردستان رووبەرووی دەبنەوە چین؟

پاڕادایمی ئازادی کە ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان پێشی خستووە و ڕێبەرایەتی دەکات، لە سەر بنەمای گەڕاندنەوەی گۆڕەپانی سیاسی بۆ ڕۆڵی کاریگەر و چالاکی ژنە. دیاردەی سیاسەت، کۆمەڵگە ساز دەکات، کاریگەری دادەنێت و لە سەر بناماکانی پێش خستنی یەکسانی، لە بەرامبەری هەر چەشنە داگیرکەری رەنج و بێ ئێرادە کردنە. هەبوونی ژن لە گۆڕەپانی سیاسەت بەشیوازێکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر ژیانی ژنان دەکات کە نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنن. بەشداری ژنی کورد، لە سەر بنەمای هەڵوێست، ڕوانگە، تێگەیشتن و هەڵسوکەوتی ئازادیخوازانەیە و یەکسانی پێش دەخات. دەبێت لە سەربنەمای تێگەیشتنێک بێت کە یەکسانی ئەوکەسانەی کە ژیانی ئازادیان کردووە لەخۆوە دەگرێت و بەم شێوازە سیاسەت کردن بە بنەما وەربگرێت. هاوژیانی ئازاد، نوێنرایەتی کردن و بەشداری کردنێک کە لە سەر بنەمای ئەم تێڕوانینە بێت، دابڕێژرێت.




پێناسەی ئێمە وەک تەڤگەری ئازادیخوازی ژنی کورد سەبارەت بە لەدەست چوونی حەقیقەتی هاوژیانی ئازاد، بەم شێوەیە: « عەقڵی پیاوسالار، بۆ ڕەوا کردنی دەسەڵاتداری خۆی، پەیوەندی هاوژیانی وەکوو گۆڕەپانێکی تایبەت پێناسە دەکات. بە تایبەت، مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کە تاک و گشتی دەکاتە ئامانج بۆ ئەوەی ئەم حەقیقەتە پارچە بکات و لە هەمان کاتدا بە رێگای مێتۆلۆژی، دین، فەلسەفە و زانست تێگەیشتنێک درووست بکات و شکڵی پێ بدات. بە تایبەتی ئەو قۆناخانەی کە ئێمە وەک شکاندنی یەکەمین و دووهەمین ناوی لێدەکەین، ئەو قۆناخانەن کە پەرە بە هاوژیانی دەدەن. بۆ نموونە لە میتۆلۆژی دا لەگەڵ شکاندنەکان، لە پاڵ خوداوەندان، سەرەتا باوک، برا، کوڕ و دوایی «هاوسەر» جێگر بوون و سەردەمی بێ کاریگەر کەردنی ژن دەستی پێ کرد. ئەوە تەنیا وەک پەیوەندیەک نییە کە لە نێوان دوو کەسدا پێناسە بکرێت، چوونکە لە هزری کۆمەڵگەدا بەرجستە بوونی خوداوەندەکان نیشان دەدات. لەم بوارەدا سەردەمی خوداوەندەکان، دەبێتە «سەرەتای» دورکەوتنەوە و لەناوچوونی هاوسەنگی نێوان ژن - پیاو، پەیوەندیەک کە مۆڵکایەتی ناسەپێنێت و یەکسانن و ئازادن.»

پێویستە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، بۆ درووست کردنی کۆمەڵگەیەک لە سەر بنەمای گەیشتن بە ڕزگاری و یەکسانی، هەموو پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو سەر لە نوێ ڕێک بخرێنەوە. **کاتێک ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای ئازادی ژن-پیاو پەرە بسێنێت، ئەو کاتەیە دەکرێت واتا بە پەیوەندی هاوژیانی بدرێت.** تێکۆشانێک لەسەر بنەمای یەکسانی لە هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بناغەی سیاسەت پێک دێنێت. تێکۆشان، خوڵقاندن و پڕاکتیکێک لە سەر

بنەمای سیاسەت و نوێنرایەتی یەکسان لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان پەرەی سەندووە. هەر چەند ناتوانین بڵێین کە تێگەیشتنی ئایدیۆلۆژیک و پێرسپێکتیوێک کە لە سەر بنەمای تێکۆشان و ئازادی ژن پێشبینی دەکرا، وەکوو خۆی چووبێتە بواری کرداریەوە. هەموو کار و خەباتی کۆمەڵایەتی بە رێگای نوێنەرایەتی یەکسان بەرێوە دەچێت. پێشکەوتنەکی گرینگ کە هەموو جیهان ئێرەیی پێ دەبات و بۆتە هۆی سەرسوورمانیان، بە دەست هێنراوە. تێڕوانینی ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای پاڕادایمی ئازادی بە پێشەنگایەتی ژن، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بەڕێوە دەچێت و پێشکەوتنی گرینگی بە خۆیەوە بینیوە. لەم دۆخەی ئێستادا مۆدێلێکی گرینگ وەکوو نموونە درووست کراو و پێشکەوتنیش بێگومان هەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە چاوەڕوان دەکرێت. هۆکاری سەرەکی ئەو کەمووکووڕیانە ئەوەیە کە بە شێوازێکی تێر و تەسەل پێرسپێکتیڤەکان شی نەکراونەتەوە و لە بواری خۆ پەروەردە کردن و گۆڕینی پیاودا هێز و ئاراستەی پێویست پێک نەهاتووە. چوونکە ئەو هزر و تێگەیشتنی پێنج هەزار ساڵەی پیاوسالاری کە لە ناخی ژن و پیاواندا چێندراوە هەیە. خۆ رزگار نەکردنی ژن لەو دۆخەی ژیان کە هزری پیاوسالاری درووستی کردوە؛ یەک لەو بابەتانەیە کە لە پاڕادایمی ئازادی  بە شێوەیەکی تێر و تەسەل کاری لە سەر کراوە و وەکوو پێویست بێ لێکدانەوە و قووڵ بوونەوە و گۆڕانکاری بنگەیی ناتوانێت کاریگەری هەبێت. لە ئێستادا دۆخێکی چەواشەکارانەی هزری پیاوسالاری هەیە کە لە بەرامبەر گۆڕین و گۆڕانکاریدا درووستی کردووە بەڵام لە بەرامبەریشدا تێکۆشانێکی گرینگ هەیە. وەکوو پڕاکتیکیش لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئەوەی ژن لە گۆڕەپانی سیاسیدا خۆی لە بن کاریگەری هزری پیاو رەزگار بکات و کۆمەڵگە بە ئێرادە و بڕیاری خۆیەوە بە شێوەیێکی راستەوخۆ بەشداری کار و خەباتی خۆی ببێت، پێشکەوتنی گرینگیان بە دەست خستوون.

**لە ناو تەڤگەری ئازادی کورددا، عەقڵیەتی ڕەگەزگەرا تا چ ئاستێک توانیویە لە بەرامبەر تێکۆشانی ژنان ببێت بە ئاستەنگ؟**

ئەو پێرسپێکتیڤەی کە لە وەڵامی پرسی دووهەمدا ئاماژەی پێ کرا، بەڕێوەچوونی تێکۆشانی تەڤگەری ئازادی کوردە کە لە سەر بنەمای ئەسڵی خۆی سەری هەڵداوە و ئاستی ئەو پێشکەوتنانەی مێژوو دەخاتە ڕوو. لە نێوان خاڵی سەرەتا تا ئەو ئاستەی کە ئێستا پێی گەیشتووە زەحمەتی، قوربانی، هەوڵدان و تێکۆشانێکی زۆر گەورە هەیە. ئێمە باسی مێژووی تێکۆشانێک دەکەین کە هەزاران هەڤاڵی ژن لەو رێگایەدا گیانیان بەخت کردووە، فیداکاریان کردووە و ئێستاشی لەگەڵ بێت بەردەوامی هەیە. ژنان لە  ڕێپێوانی تێکۆشانی ئازادیدا دوو جۆر بەرپرسیارتیان لە ئەستۆ گرتووە، واتا لە سەرەتادا بەشداربوون و پاشان پێشەنگایەتی کردن. لە دژوارترین ڕەهەندەکانی خۆپاراستنی تێکۆشانی ئازادی کە گەلی کورد وەکوو نەتەوە بەڕێوەی دەبات، بە شێوەی چەکداری بەشداری تێدا کردووە، بوو بە کۆڵەکەی تێکۆشان و بەرخۆدانی ئەو سەردەمە. بەشدار بوونی ژنان لە ناو هێزی خۆپاراستن و بەرخۆدانی گەریلا لە کوردستان، بە تەنیا بۆ

خۆی تێکۆشانێک بوو. لە سەر ئەو بنەمایە کە ژیانی خۆی ببەخشێت، لە تێکۆشانی بەرخۆدان-خۆپاراستن کە سیاسەت کردن تیایدا زۆر زەحمەت و دژوارە، بە پراتیک و ئەزموونەوە بە سەرکەوتووانە بەشداری کرد. پیاو نەیدەویست ژن؛ لە ناو ئەرتەش، رێکخستن کردنی هێزی پاراستن و ئەو سازیانەی کە باڵادەستی خۆی تێدا درووست کردووە، جێگا بگرێت کە تەک رەنگی خۆی تێدا ساز کردبوو. لە تێکۆشانی ئازادی کورد دۆخێکی بە هەمان شێواز خۆی نیشان دا. پیاو بەرخۆدان و هەڵوێستێکی گەورەی لە ژێر ناوی ئەوەیکە ژن لە بواری جەستەیی، بایۆلۆژی و دەروونی لاوازە، نیشان دا و پێشی لە بەشداری ژنان لە ناو گەریلادا دەگرت. بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت لە ئەیالەتی ئامەد، بایۆلۆژی ژنان کرا بە بیانوویەک بۆ ئەوەی لە دەرەوەی تێکۆشانی گەریلایی بمێنێتەوە. هەمان دۆخ بە شێواز و لە ئاستی جیاواز لە شوێن و کاتی جیاوازدا دووبارە بوونەوە. بەڵام لەو دۆخانەدا ژنان هەرگیز هەنگاویان بەروە دواوە هەڵنەگرت و بە بەدەست هێنانی سەرکەوتنان بوون بە فەرماندار و پێشەنگ. بە تێپەڕ بوونی زەمەن، بە ئێرادە، تێکۆشان و بەرخۆدانێک کە ژنان نیشانیان دا ئەو قۆناغانە تێپەڕبوون. ژنان بە قووڵ بوونەو لە واتای ژیان ئەو تێگەیشتنەیان بە دەست هێنا کە کە بۆ ئەوەی لە ناو تێکۆشانی ئازادی کوردستان و لە هەموو کارە کۆمەڵایەتیکانیدا جێگە بگرن پێویستی بە بەرخۆدان، هەڵوێست و تێکۆشانێکی گەورە هەیە. بەشدار بوونی ژنان لە نێو گەریلا- ئەرتەش و خۆ پاراستن کە لە بن فەرمانڕەوی پیاودا بوو، بە تەنیا بۆ خۆی دۆخێکی شۆڕشگێڕانەیە و بوێریەکی زۆری پێویستە. ژنان لە هەموو ئەو قۆناغانەدا بە شێوەیەکی بەهێز سەرکەوتن، تەنانەت سیاسەتیشی لەگەڵ بێت، لە هەموو بوارەکانی تێکۆشاندا ڕۆڵی پێشەنگایەتی وەرگرت. ئەو بەرخۆدانەی ژنانی پێشەنگ کە لە سەرئەساسی مانەوە و خەباتی چیا کە نزیکەی ٥٠ ساڵی خایاند، وە بوون بە پێشەنگ و فەرماندارانێک کە لە رۆژئاوا (باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا) و لە شەنگال لە بەرامبەر داعش تێکۆشانیان کرد و بوو بە رۆژەڤی هەموو جیهان لە بەردەوامی ئەو تێکۆشانانە بوو. ئە پێشکەوتنانەی کە لە نوێنەرایەتی یەکسان(هاوسەرۆکایەتی) لە سیاسەت و هاوژیانی ئازاد دا بە دەست خراوە، بەرخۆدان و فیداکاری هەزاران ژنی لە ئامێز گرتووە. ئاستی ئەو بەرخۆدانە سەرچاوە لە کولتووری ئەو ژنانە دەگرێت کە یەکەم هەنگاوەکانی بە کۆمەڵگەیی بوونی هەڵگرت و خۆلقێنەری کرد؛ سیاسەتیان لە بن کاریگەری و ئاراستە کردن و عەقڵیەتی پیاو رزگار کرد. هەر چەندە ئێستاش بۆشاییێکی زۆر هەیە، بۆیە خەبات بەردەوام دەکات. ئاستی ژنان لە ناو تەڤگەری ئازادی کورد دا زۆر بەرزە. ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە بەشداربوونێک کە پێشکەوتووانەیە و گۆرانکاری پێک دێنێت هەیە.

تا ئەو کاتەی ئەو بابەتە شرۆڤە نەکرێت، پێویستە دۆخ و ئەنجامێکی وەک پیاو گۆڕاوەو، گۆڕانکاری دەکات و دەستی لە عەقڵیەت و دەسەلاتداری خۆسەپێنی پیاوانە بەرداوە، دەرنەخرێت. دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین کە پیاو بۆئەوەی دەسەڵاتداری خۆی بپارێزێت و بەهێزتری بکات، بەر لە هەموو شتێ هەوڵدەدات دەسەڵاتداری خۆی

لە سەر زانستی کۆمەڵایەتی، واتا ئە گۆڕەپانانەی کە لە سەر زانست و تەکنیک سەروەری هەیە، تا کۆتایی بەکار بێنێت. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە وەک ئیرادە ببێتە خاوەنکار و خۆی ڕۆڵ بگێڕیت، دەتوانێت هەموو گۆرەپانەکانی دەسەڵاتداری پیاودان بستێنێتەوە و هەموو دام و دەزگاکان سەرلەنوێ لە سەر بنەمای پێکەوە ئەنجام دان، ڕێک بخاتەوە. ئەگەر بەشداربوونی ژن لە سیاسەتدا لە سەر بنەمای ئەم عەقڵیەتە پێک بێت، هەروەکوو چۆن تا ئێستا ئەنجام دراوە و لەمەدواش دەتوانێت هەموو ئاستەنگیەک بە تێکۆشانێکی ڕێکخستن کراو تێپەڕ بکات. لە هەموو بەشەکانی کوردستان ژنان خەباتی گەورە و گرینگ بەڕێوە دەبەن. شۆڕشی ئێمە کۆمەڵایەتیە و بە پێشەنگایەتی ژنان بەرەوپێش دەڕوات و بە خولقاندنی نرخی بچووک و گەورە، قووڵتر دەبێتەوە و پەرە دەسێنێت. بەڵام دەبێ بزانین کە لە دەرئەنجامی تێکۆشانێکی زۆر دژواردا پەرە دەسێنێت. تێکۆشانی ئێمە کاراکتەرێکی زۆر بە هێزی ئافراندووە کە لە هەموو چرکەساتەکاندا بۆ تێپەڕکردنی ڕادیکاڵانەی عەقڵیەتی ژن و پیاوی کلاسیک تێدەکۆشێت. تەنیا ڕێگەیەک کە لە بەرامبەر عەقڵیەتی پیاوسالار کە دژی دیموکراسییە و ناهێڵێت تێکەڵاو بە ژیانمان بێت، ئەوەیە کە لە سەر بنەمای ڕێکخستن کردن، ئازادی و خۆسەری تێکۆشان بکەین. لە دژبەری ژنێکی کلاسیک کە لە سەر بنەمای هزری پیاو شێوەی گرتووە، دەبێت سەر لەنوێ لە سەر بنەمای نرخەکانی ئازادی و دیمۆکراسی بونیاد بنرێتەوە. بەشداری ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەت لە سەر ئامانجی ئازادی و دیموکراسیە و دەیکات بە کولتوورێک.

**ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانەی کە ژن بە بیر و ئیرادەی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیدا پێکیان دێنێت، چ ئەنجامێکی دەبێت؟**

جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە کە ژن ڕۆڵی سەرەکە و هەوێنی گۆڕانکاری بۆ مۆدێرنیتەی دیموکراتیکە. ئەوە بە چ واتایەکە؟ ئەوە یانی ژن ببێت بە خاوەن مێژووی تێکۆشانێکی بێ پچڕانەوە. هەر بۆیە پێویستە هەم وەک مێژوو و هەم وەک تێکۆشانێکی بێ ڕاوەستان ببینرێت و لە هەر قۆناغێکدا لە بواری ئەرێنی و نەرێنی بە شێوەیەکی یەکپارچە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. ئەگەر بۆ ژنان بەرگێکی مێژوو بەرخۆدان و تێکۆشانێکی بێ وچان بۆ هەبوونیان بێت، بەرگەکەی دی بێ ئیرادە کردن، نکۆڵی لێ کردن، بندەستی و کۆیلە کردنیانە. ئێمە دەتوانین بە تێگەیشتن لە هەموو ڕەهەندەکانی مێژوو ئەرک و بەرپرسیارێتی مێژووییمان پێک بێنین. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە **سیاسەت کۆمەڵایەتی ببێت** و ئەوە ئەرکی سەرەکەی ئێمەیە. شێوازی سیاسەتێک کە لە سەر بنەمای چینی بژاردە، سەروو و ناوینە و لە ئازادی دوورە و نوێنرایەتی ژنان ناکات، دەبێت ئاڵوگۆڕی لەگەڵ هێزی بزوێنەری کۆمەڵگە پێ بکرێت واتا هەر شوێنێک کە کۆمەڵگە هەیە، جێگەی سیاسەتە و دەبێت بەم شێوە هەڵسووکەوت بکرێت. هەموو ئەو شوێنانەی کە ئێمە کاری تێدا دەکەین، ڕێکخستن دەکەین و خەبات بەڕێوە دەبەین لە ماڵ و کۆڵانەوە بگرە تا هەموو ئەو شوێنانەی کە ژیان تیایدا بەڕێوە دەچێت، هەر هەمووی جێگەی سیاسەتە. چوونکە سیاسەتێک کە ئێمە ڕەخنەی دەکەین،

بەرهەمی سیاسەتێکی دابڕاو لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارییەکی ڕاستەقینەیە. بەردەوام کردنی ئەم شێوازە لە لایەن ژنانەوە بە واتای ئەوەیە کە لە ژنانیش دا عەقڵیەتی پیاوسالاری پەرەی سەندووە و بەردەوامی دەکات. دەبێت ئێمەی ژن سیاسەت لە بەرەی عەقڵیەتی دینگەرا، زانست پەرست، ڕەگەزپەرست و نەتەوەپەرست بگوازینەوە بۆ بەرەی گەلان، کۆمەڵگە، ژنان و سروشت. پێویستە سیاسەت دیموکراتیک بکرێت و ببێت بە گۆڕەپانێک کە هەموو لایەنێک و هەموو ڕەنگێک و بەتایبەتی ژنان بە ئیرادەی خۆیان بەشداری تێدا بکەن و دەنگی خۆیان هەبێت. گرینگە کە ژنان لەوە تێبگەن کە زانستی ژن و کۆمەڵگە پەیوەست بە ژنانە و دەبێت شێوازی هزری ڕەگەزگەرای ناو سیاسەتەوە بخەنە ژێر لێ پرسینەوە. لە سەر بنەمای حەقیقەتی هەبوونی ژن کە پەیوەست بە مێژووەکەی دەریخستووە و هاتووەتە گۆڕەپانەوە، لەمەودواش لە سەر ئەم بنەمایە بەرەو ئازادی هەنگاو بنێتەوە و لە بواری سیاسەتیشدا پەرەی پێ بدات. پێناسەی خۆسەر  بۆ ژن کە پەیوەستە بە هەبوونی، دابڕانە لە سیستەمی پیاوسالاری و تێگەیشتن لە زانستی خۆی [ژن]. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە ئەرکی گرینگی ئەوەیە کە تێکۆشانێکی ڕادیکاڵ بەڕێوە ببات و پیاو لەو ناسنامەی کە هەیەتی [دەسەڵاتداری] دادەبڕێنێت و بیگەیەنێت بە ناسنامەی پیاوی ئازاد. کاتێک بە سەرنجەوە سەیری ئەو ئەزموون و زانیاریانە کە لە مێژووی تێکۆشانمان بەدەستمان هێناوە بکەین، بەو ڕادەیە کە ئێمە خۆمان ئازاد کردووە، پیاو گۆڕاون. هەروەک ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: « ئێمە هێشتا لە سەرەتای ڕێگا داین» هێشتا ڕێگایەکی زۆرمان ماوە و لەمپەڕ و دژواریەکی زۆر هەیە کە دەبێت تێپەڕیان بکەین. تێکۆشانی ئازادی ژن لە درێژ مەودادا لە ناو شۆڕشدا پێویستی بە دەیان شۆڕشی تر هەیە کە لە گۆڕەپانی سیاسی، ئازادی و دمۆکراتیکدا بیکات، ئەمەش ڕێگە بۆ گوڕانکاری کۆمەڵایەتی دروست دەکات. بۆ سەرکەوتن و بونیادنانی کولتووری ژیانی ئازاد و دیمۆکراتیک، پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی تێکۆشانی بیست و چوار ساعەتە و رادیکاڵ هەیە لە بەرامبەر هەموو ئەو کردەوانەی عەقڵیەتی پیاوسالار بەڕێوەی بردووە. ئێمە لە ئەزموونەکانمان ئەوەمان بە دەست خست؛ **تەڤگەرێک کە پێشەنگ، تێکۆشەر، سازی، ڕێکخستن و ئامانجەکانی هەمیشەیی بن و بەردەوام بووبێت، تێکۆشانەکەشی سەردەکەوێت.**





# زیلان ڤەژین

**هاوسەرۆکی پارتی ژیانی**
**ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**پژاک**

شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە سەر بنەمای فەلسەفەی ژن ژیان ئازادی کە ئەویش بە نۆبەی خۆی نوێنەرایەتی پارادایمی نەتەوەی دیموکراتیک، ئازادی ژن و پاراستنی ژینگە دەکات، گەشەی کرد. گەلێک ژنی تێکۆشەر بۆ ئەم ڕێگەیە تێکۆشانێکی بێ وچانیان ئەنجام داوە کە ئەمڕۆ بە شێوەی ڕەمزی ژن ژیان ئازادی، کەوتۆتە بەر دەستی ئێمە. بەڕێز هەڤاڵ زیلان ڤەژین – هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاک، یەک لەم ژنە تێکۆشەرانەیە کە زیاتر لە بیست ساڵە لەم ڕێگەیەدا خەبات دەکات. هەر بۆیە بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی بەڕێزیان سەبارەت بە بەشداری ژنان لە حیزبەکان دا گفتوگۆیەکمان لەگەڵ ئەنجام داوە.

## هۆکاری دامەزراندنی پژاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی بوو؟

لە دوای ساڵی ٢٠٠٠، ئەمریکا بە عەقڵیەتی ئیمپریالیستی و ئایدۆلۆژیای لیبرالیزمەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و قەیرانی زۆر کردەوە. بە تایبەتی دەستوەردانی هێزی دەرەکی لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ و عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، کێشەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. پرۆژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دیزاینی دووبارەی ناوچەکە، شەڕی گەورەی لێکەوتەوە و تا ئێستاش ئەم شەڕانە بەردەوامن. ئەو شەڕانەی لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، شەڕێکی جیهانییە کە چەندین هێز و لایەن بەشداری تێدا دەکەن. بێگومان ئەم شەڕە وەک جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم نییە کە دوو بەرە دژی یەکتر دەجەنگن و لە ماوەی چەند ساڵێکدا کۆتایی پێ دێت. ئەم شەڕە کە ناوەندەکەی کورد و کوردستانە، جەنگی جیهانی سێیەمە و نزیکەی ٣٠ ساڵە بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت. زۆر هێز و لایەنی تێدایە کە هەم لە ململانێ و هەم هاوپەیمانی دان هەر بۆیەش وەک جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم نییە. پژاک لە هەل و مەرجێکی بەم شێوە دا دامەزرا کە بۆشایی سیاسی قووڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا هەبوو. ئەو پارتانەی لە سەدەی بیستەمدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرابوون، هەموویان لەسەر عەقڵیەتی ناسیۆنالیستی بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەوڵەت-نەتەوە خەبات و شەڕیان دەکرد. شەڕ و تێکۆشانی زۆریان ئەنجامدا و قوربانی زۆریشیان دا و بوون بە هیوای گەل. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بەهۆی ئەوەی لە عەقڵیەت و ئامانجیان نوێ بوونەوەیان دروست نەکرد، دووبارەبوونەوە ژیان. هەر بەم هۆیەوە لەبری ئەوەی بەهێزتر و بەرفراوانتر بن، دابەش بوون و خەبات و شەڕیان بوو بە ناوخۆیی. لە ڕاستیدا ئەمە زیانی گەورەی بە تێکۆشانی گەل گەیاند و ئومێد و چاوەڕوانی خەڵک لە حیزبەکان لاواز کرد. هەر بۆیە پێویستی بە داهێنانێکی تازە و هەنگاوێکی تازە بۆ زیندووکردنەوە و بەرزکردنەوەی وزەی خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی هەبوو کە ئەمیش خۆی پێشەنگایەتی پێویست بوو. هەر بۆیەش لە ئەنجامی ئەو بۆشایی و پێویستیانە، پژاک لەسەر بنەمای فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا و عەقڵیەتێکی

نوێ کە پشت بە فکری ئازادیخوازی و دیموکراسی دەبەستێت، وەک نەمامێکی دار بەڕوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدا و جۆش و خرۆش و هەروەها هیوایەکی گەورەی لە دڵی هەموو ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنیات ناوە کە بێگومان تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و ڕۆژانە تێکۆشان دەکات و گۆڕانکاری و وەرچەرخان پێک دێنێت. پژاک خاوەن ئایدۆلۆژیا و پراکتیکێکی بەهێزە. لە هەموو بوارەکانی خەبات و تێکۆشاندا دەستکەوتی بەرچاوی بۆ گەلەکەی بەدەست هێناوە.

**پێویستی هەبوون و پێشەنگایەتی کردنی ژنان لە پژاکدا چیە؟**

هیچ حیزب و ڕێکخراوێک بەبێ ژنان ناتوانێت ڕێک بخرێت، چوونکە کۆمەڵگەی ئێمە لە ژنان و پیاوان پێک هاتووە. بەڵام بوونی ژن لە هەر ڕێکخراو و حزبێکدا لە سەر چ بنەما و عەقڵیەتێک بێت زۆر گرینگە. چونکە لە هەموو ڕێکخراوەکاندا و تەنانەت لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتیشدا ژنان هەن و ڕێوەبەریش دەکەن. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم هەبوون و ڕۆڵ گێڕانە بە عەقڵیەتی ژنانەی ئازادیخواز و یەکسانیخوازە یان بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەت و لایەنە سیاسییەکانە؟ هەر بۆیەش زۆر گرینگە کە ئێمەی ژن لە ڕێکخراو و حیزبە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکاندا، بە ئیرادە و هێزی جەوهەری خۆمان بەشدار بین و لەسەر ئەو بنەمایە خەباتی ئازادیمان بەرزتر و بەرفراوانتر بکەین.

پژاک حیزبێکە کە لەسەر بنەمای ئازادی ژنان کار و خەباتی خۆی بەرەوپێش دەبات. ئێمە لەسەر پرەنسیبی یەکسانی و دیموکراسی تێدەکۆشین و بڕوامان وایە تا ئازادی ژن نەبێت بە ناوەندی خەباتمان، ناتوانین ئامانجەکەمان کە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکە بەدی بهێنین. **گەرەنتی سەرکەوتنی خەباتیش بە بوونی ژنان لە کار و خەباتدا بەدی دێت.** ساڵانە پیاو بە عەقڵیەتی دەسەڵاتخوازیەوە هەموو دەوڵەتەکانی جیهان بەڕێوە دەبات، بەڵام دۆخی کۆمەڵگەش لە ئەنجامی سیاسەت و عەقڵیەتیان لەبەرچاوە و لەبری چارەسەری، قەیران و کێشەکان قووڵتر دەبنەوە. ژنان خاوەن بیری دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەن، چونکە ژنان خاوەن خەسڵەتێکن کە هەموو کۆمەڵگە لە ئامێز دەگرێت. کاتێک ژن لە کار و خەباتدا دەستپێشخەری دەکات، کاریگەری ئەرێنی زیاتر دروست دەبێت و وزەیەکی ئەرێنی بە دەوریدا بڵاودەبێتەوە و پێشکەوتن بەدەست دێت. خاڵی بەهێزی پارتیمان دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری و پێشەنگایەتی ژنان لە ڕیزی تێکۆشان. کاتێک ئێمە باس لەوە دەکەیەن تەنیا وەک تیۆریەک نییە، بەڵکوو هەموو کار و پراکتیکمان لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجام دەدرێت.

## بەشداری و پێشەنگایەتی ژنان لە سیاسەت دا چ جیاوازیەک دروست دەکات؟

**بێگومان سیاسەتێک کە ژنانی تێدا نەبێت، دیموکراتیک و ڕەوا نییە.** گەورەترین سیاسەت، سیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە کە بە پێشەنگایەتی ژنان دامەزرا. هەروەها سیاسەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەگەڵ کۆمەڵگە بوون دەستی پێ کردووە و تا ڕۆژی ئەمڕۆمان بەردەوامە. کۆمەڵگە بووون گەورەترین دەستکەوتی ژنان بۆ مرۆڤایەتییە کە تا ئەمڕۆش بەهاکانی کۆمەڵگەی لەخۆوە گرتووە، پاراستوویەتی و پەرەی پێداوە. هاوکات سیاسەت گۆڕەپانی ئازادییە، گۆڕەپانی هەبوون و خۆبەڕێوەبردنە. سیاسەت پێوەری ئەخلاقی و دادپەروەری هەیە بەڵام بەداخەوە بەهۆی عەقڵیەتی دەسەڵاتداری پیاوان لەم تایبەتمەندییانە دوور خراوەتەوە و سنووردار کراوە و ژنانیش لەو گۆڕەپانە بێ بەش کراون. چونکە ئەگەر سیاسەت نەبێت ژیانیش بە باشی بەڕێوە ناچێت. سیاسەت هەم ڕۆژانە و هەم درێژخایەنە و مرۆڤ، ڕێکخراو و دەوڵەت بەبێ سیاسەت بەڕێوە ناچێت. هەموو سیاسەتێک عەقڵیەتی خۆی هەیە. ئەگەر عەقڵیەتی دیموکراتیک و ئازادیخواز نەبێت، سیاسەتی دیموکراتیکیش نابێت. بێگومان ئێمە باسی سیاسەتی دیموکراتیک دەکەین نەک سیاسەتی دەوڵەتی و ڕەگەزگەرا. عەقڵیەتی ڕەگەزپەرست، ژنانی لە مەیدانی سیاسەت و بڕیاردان دوورخستۆتەوە. هەمووی ئەم شەڕ، کۆمەڵکوژی، تاڵان کردن و کوشتنانە، لە ئەنجامی ئەو سیاسەت و بڕیارانەدا ڕوودەدەن کە ژنان بەشداری تێدا ناکەن چوونکە هەمووی بە هزری پیاوەوە ئەنجام دەدرێت. سەیرکەن لە هەموو دەوڵەتە سەروەرەکانی جیهان و ناوچەکەشدا، ئێمە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبینەوە. کاتێک سیاسەت لە پێوەرە دیموکراسی و ئەخلاقییەکان دوور بخرێتەوە، لە حەقیقەتی خۆشی دوور دەکەوێتەوە و لە دژی کۆمەڵگە بەکاردەهێنرێت. ئەمەش سەلمێنەری دوورخستنەوەی ژنان لەو گۆڕەپانەیە. هەر بۆیەش، **بەشداری و پێشەنگایەتی کردنی ژنان لە سیاسەتدا هەمیشە دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی ئیرادە و هێزی جەوهەری تاک و کۆمەڵگە.**

## ئایا لە کاتی تێکۆشانتان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرست بوونەتەوە؟

هەموو ئەو گۆڕەپانانەی کە ئێمە کاریان تێدا دەکەین و بەشداریان تێدا دەکەین، سیاسین. چونکە هیچ گۆڕەپانێک ناتوانێت بێ سیاسەت بێت. ئەو عەقڵیەتەی کە مەیدانی سیاسەت تەنیا بۆ بەشێک جێدەهێڵێت، لە عەقڵیەتی پیاوسالارییەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر بۆیە هەموو گۆڕەپانەکان خاوەن سیاسەتن چوونکە هەموویان ئیرادەی خۆیان بۆ بەڕێوەبردن هەیە. ئێمە وەک بزووتنەوە، خاوەن بیرۆکەی ئازادیخواز و دیموکراسیخوازین و بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەمان بەو بیرۆکە و فەلسەفەیە ئاراستەی تێکۆشان بکەین، خەبات دەکەین و هەم خۆمان هەم کۆمەڵگە پەروەردە دەکەین. هەر تاکێک کە بەشداری لە بزووتنەوەکەماندا بکات، پێویستە بە پێی پێوەرەکانی ئازادی ژنان خۆی پەروەردە بکات و بەشداری خەباتی شۆڕش ببێت. بەڵام لەبیرمان نەچێت کە هەزاران ساڵە هەموو کۆمەڵگەکان

بە ژنیشەوە، لە سەر بنەمای عەقڵیەتی باڵادەستی پیاو پەروەردە کراون و گەورە بوونە. تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە کە چاویان لە جیهانی ئەم عەقڵیەتە کردووەتەوە، هزر و تێڕوانینیان لە ژێر کاریگەری ئەو عەقڵیەتە دایە. بۆیەش بە دڵنیاییەوە ئەم سەختییە لە هەموو ڕێکخراوێک یان هەر گۆڕەپانێکی کە ژن تیایدا بەشدارە هەیە و ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبێتەوە. هەر چەند ئێمە ڕێکخستنێکین کە چارەسەری پرسی ژنان یەکەم پرسە و ئازادی ژن پێش هەموو ئازادییەکانە. واتە تێکۆشان بۆ ئازادی نەتەوە، نیشتمان و ژن لەیەکتر جیا ناکەینەوە چوونکە دیالێکتیکی گەشەسەندنیان بە یەکەوە بەندە.

لە ئەنجامدا هەر ئەندامێکی بزووتنەوەکەمان لەو سیستەمەدا گەورە بووە و بەشداری ڕیزەکانی تێکۆشان بۆ ئازادی بووە. بەڵام ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە بۆئەوەیکە ئەو گۆڕانکاریانە لە پیاوانیشدا بەدی بێنین و سەرەکیترین ڕیبازمان، پەروەردەیە. بۆ ئەوەی هەڤاڵانی پیاومان پەروەردە بکەین و گۆڕانکاری دروست بکەین، پێویست بوو سەرەتا خۆمان پەروەردە بکەین و بگۆڕین. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا تەنیا پیاوان ڕووبەڕووی واقیعی کۆمەڵگەیەکی ڕەگەزپەرست نابنەوە، ژنانیش بەهۆی ئەو عەقڵیەتە متمانەیان بە خۆیان کەم بووە، بێ ئیرادە کراون و لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان دوور بوونەوە. هەر بۆیە خاڵی سەرەکی ترمان ئەوە بوو کە ئێمە سیستەمی خۆسەرمان بنیات ناوە و لەناو سیستەمی خۆماندا ڕێکخراوەکەمان بە ئیرادە و متمانە بەخۆبوونەوە گەورە کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە پیاوانیشدا دروست بکەین و پێشەنگییەکی دروست بۆ خەبات بۆ ئازادی بکەین. بێگومان کاتێک باسی ئەوانە دەکەین ڕووبەڕووی هەڵوێستی ڕەگەزپەرستیش بووینەتەوە. هەندێک جار ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبینەوە و هەندێک جار لە کاتی کارکردندا. ئێمە لە گەلێک گۆڕەپاناندا خەبات دەکەین بۆ نموونە لە قادی هزری و پاراستن و هەوەها چەندین گۆڕەپانی تر. پێنج هەزار ساڵە ئەم گۆڕەپانانە بە دەست پیاوان و عەقڵیەتی پیاوانی سەردەست بەڕێوە چوون. ئەوە بۆ پیاو ئەستەمە دەسەڵات و سەروەری لەگەڵ ژنێکدا بەش بکات تا لە هەمان ئاستدا لەگەڵی بەڕێوەبەری بکات. چونکە پیاو هەمیشە لە ڕیزی یەکەم بووە بۆیە ئەم حاڵەتە لە ڕووی دەروونی و ڕۆحیدا بۆ پیاوان قورسە. بەڵام کاتێک دەگەنە ئەو ڕاستییە[دادپەروەری و دیموکراتیک بوونی هزری ژن]، ئەوانیش هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن. وێڕای ئەوە، لەبەرئەوەی سیستەمی خۆسەری ژنانمان بنیات ناوە، ئەمە گەورەترین و بەهێزترین گەرەنتییە بۆ بەرەنگاربوونەوە و گۆڕینی عەقڵیەتی ڕەگەزگەرا. سیستەمی هاوسەرۆکایەتیشمان لە ئەنجامی دەستکەوتەکانی خەباتی دەیان ساڵەمانە کە بەم شێوازە بونیادنراوە.

## دەستکەوتەکانی ژنان لە قادی سیاسی دا چین؟

هەموو ژنانی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی جیهان و بەتایبەت ژنانی کورد بە رەنج و خەباتیان دەستکەوتی زۆریان بۆ کۆمەڵگە و بە تایبەتی ژنان بە دەست هێناوە. بەرخۆدان و شەڕی زۆر کراوە و ئەگەر ئەمڕۆ ژنان لە هەموو بوارەکاندا ئامادەن و سیاسەت بەڕێوەدەبەن، ئەوە لە سایەی خەباتی هەزاران ژنی تێکۆشەرە کە گیانیان بۆ بەخشیوە. ژنان هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی مەیدانی سیاسەت لە دەسەڵاتی پیاوانە ڕزگاری بێت و دیموکراتیک ببێت. لە ئێستا دا گەورەترین ڕێکخراوی ژنان لە جیهان دا هی ژنانی کوردە کە بووەتە ئیلهامبەخشی هەموو ژنانی ئازادیخواز. ژنانی کورد لە هەموو بوارێکدا خۆیان ڕێکخست و سیستەمی تایبەت بە خۆیان بونیاد ناوە. لە ڕێگەی خۆبوون، ئیرادە و هزری ئازاد، ڕۆڵی پێشەنگایەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆی ئەنجام دەدا. ئێستا خاوەن گۆڕەپانی بەرگری، سیاسەت، پەروەردە، ئابووری و بەڕێوەبەرییە. خاوەنی حیزب بە ئایدیۆلۆژیای ڕزگاریخوازی، سوپای بەرگری و سیستەمی کۆمەڵایەتییە. لە سەر بنەمای زانستی ژنۆلۆژی، هەموو زانستەکان دووبارە شی دەکاتەوە و خۆ بەڕێکسختن دەکات. شۆڕشی ڕۆژئاوا و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، دەستکەوتی گەورە، مێژوویی و کۆمەڵایەتی ژنانی کورد و هەموو ژنانی تێکۆشەرە. لە باکووری کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو قڕکردنی سیاسی، کولتووری و ئەو کوشتنانەی کە بکوژیان دیار نییە، ژنان لە گۆڕەپانی سیاسیدا پێشەنگایەتی دەکەن و بە ئیرادە و ڕێژەیەکی هاوبەش لەگەڵ پیاوان، بەشداری خەبات دەبن. لە باشووری کوردستانیش، ژنان هەوڵ دەدەن مەیدان لە ژێر دەسەڵاتی پیاوان دەرخەن. هەموو ئەمانە بە هزری سیاسەتی دیموکراتیک ڕێکخراون و بەڕیوەدەچن.





# هاوژین شەهید فەخرەددین

**چاودێری سیاسی لە باشووری کوردستان**

هەر وەک دەزانرێت ژنان لە باشووری کوردستان ساڵانێکی زۆرە لە گۆڕەپانی سیاسی دا بە شێوەیەکی ڕەسمی چالاکن. بۆ زانین سەبارەت بە دۆخی ئێستای ژنان لە ناو سیاسەت دا لە باشووری کوردستان لەگەڵ بەڕێز هاوژین شەهید فەخرەددین-چاودێری سیاسی، گفتوگۆمان ئەنجام داوە.

**بە ڕای ئێوە پەیوەندی نێوان ژن و سیاسەت لە کوردستان دا چۆن بووە؟**

ژن ڕەگەزێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەیە و پەیوەندی بە تەواوی کایە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەوە هەیە. سیاسەتیش یەکێکە لەو کایانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بوارە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە و خێزانەوە هەیە. هەر بوارێکی ژیان کردن وەربگرین پێویستی بە سیاسەت و پلانی تایبەت بە خۆی هەیە. لە کۆمەڵگەدا ژن وەک دایک پەروەردەکارە، پایەی سەرەکی خێزانە بۆیە پلانی تایبەت بە خۆی هەیە. لە سیاسەتی بەڕیوەبردنی خێزان و چۆنێتی پەروەردە کردنی منداڵەکانی، ئەگەر لەڕووی زانستەوە تەماشا بکرێت؛ بەشداریکردن و بەڕێوەبردنی خێزان، بچوککراوەی دەوڵەتمەداری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە، بۆیە ژن بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەشدارە لە سیاسەتی کۆمەڵگە. بەو هۆیەوە کە وەک دایک پەروەردەکاری نەوەی داهاتوویەکە دەبێتە نەوەی جێگرەوەی دەسەڵات. ئەگەر وەڵامێکی ڕاستەوخۆی پرسیارەکە بدەینەوە ژنی کورد لە شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکاندا بەشداری کارای هەبووە لە سیاسەت وبەرخۆدان و خەباتی پێشمەرگایەتی لە شاخ و بەڕێوەبردن لەشار و چەندین ناوی گەورە و درەوشاوە هەیە لەوبوارەدا. هەرچەندە کە دەکرا بەشداری زیاتری ژنان لەم بوارەدا ببینین چونکە ئێمەی کورد نەتەوەیەکی بندەستین و تەواوی تاکەکانی نەتەوەکەمان لە ناویشیان دا ژن، بەرپرسیارێتی گەورەمان لە سەرشانە کە نەتەوە و نیشتمانمان بگەیەنینە کەناری ئارامی ژن - دایک کە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، پێشکەوتوو و دیموکراتیکە. ژن، دایکە و پەروەردەکارە هەر بۆیە کلیلی گۆڕانکاری ڕیشەییە لە ناو کۆمەڵگەدا.

**چەند نموونە لە ئەزموونەکانی بەڕێزتان لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ عەقڵیەتی پیاوسالارمان بۆ باس بکەن.**

لە بەر ئەوەی لە خێزانێکی تێکۆشەر و خاوەن مێژووی خەبات لە دایک بووم، هەمیشە بیری ئازادی خاک و نیشتمان وێردی سەرزمانی ئەندامانی خێزانەکەمان بووە کە خۆشبەختی شاریان جێ هێشتووە و لە شاخ و کونە تاوێرەکانی گەرمیانەوە، شۆڕش و خەباتیان کردووە بۆ ئازادی هەر چوار پارچەی کوردستان تێکۆشاون و بەبیر و باوەڕ دەستیان بە شۆڕش و خەبات کردووە. بۆیە بۆ من ئاسانتر بوو بێمە ناو دنیای سیاسەت و خزمەت کردن بە خاک ونیشتمان، خێزانەکەم هەمیشە پشتیوان و هاوکارم بوون و پشتیوانیان کردووم، بەلام هێشتاش ئاڵنگاریەکان کەم نەبوون کە

ڕووبەڕوویان بوومەوە. دەتوانم بڵێم قوربانی زۆرم لەم پێناوە داوە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە ئێمە ئەرک و بەرپرسیارێتی گەورەمان لە سەرشانە، کە ئەویش بەردەوامی دانە بە خەبات و تێکۆشان. پێویستە ڕێبواری ڕێی شەهیدان و سەرکردە تێکۆشەرەکانمان بین هەتا بگەین بە ئامانجی ڕەوای گەلەکەمان. بە دڵنیاییەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی خاک و نیشتمان پێویستە قوربانی بدەین و بە سەر کۆسپ و ئاڵنگاریەکان دا زاڵ بین.

**بە پێی ئەوەی ژنان لە باشووری کوردستان ساڵانێکە لە گۆڕەپانی سیاسەت بەشداری دەکەن، چ دەستکەوتێکیان بووە؟**

ژنان لە باشووری کوردستان بەشداری کارای سیاسەت بوون ئەوەش بە پشتیوانی ڕەوانشاد (مام جەلال تاڵەبانی) کە هەمیشە داکۆکیکاری مافەکانی ژنان بوو لە باشوور. هەمیشە لە وتارەکانی دا ڕۆڵی ژنانی بەرز دەنرخاند و بەشداری ژنانی لە سیاسەت دا بە گرنگ دەزانی. هەروەها تاکە سەرکردەدی کورد بووە لە باشوور کە هاوسەرەکەی (هێرۆ خان) بەشدارێکی کارا بووە لە تێکۆشانی شار و شاخ و مێژوویەکی درەوشاوەی خەباتی پێشمەرگایەتی لە شاخ بە کامێراکەی چەپک کردووە. ئەوەش هاندەر بووە بۆ تێکۆشەرانی دیکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە هاوژینەکانیان هاوشانی پیاوەکان بچنە ڕیزی خەباتی چەکدارییەوە. بۆ نموونە دایکی من لەگەڵ باوکم بەشدار بووە لە تێکۆشانەکانی شاخ و بەشداربوون لە جووڵەی پێشمەرگەکان کە لە نێوان گوندەکان دا کردوویانە. ئەوەش دیوێکی دیکەی ڕۆشەنگەری خەباتی چەکداری ئەوکات بووە لە شاخ کە لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا پیاوان و ژنان شانبەشانی یەک لە جەولە و خەباتی شاخ دا بەشداربن. لە باشوور ژنان دەستکەوتی باشیان بووە. لەوانە دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردستان، وەرگرتنی پۆستی حیزبی لە سەردەمی شاخ هەتا ساڵی ١٩٩٢ پاشان ژنان بەشداری پەرلەمان و حکومەتیان کردووە هەرچەندە ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بووبێت. بەڵام دواتر یاسایەک دەرکرا کە بە پێی ئەو یاسایە پێویستە بە ڕێژەی ٣٠٪ ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژن بێت. هەروەها یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی یەکێکی دیکەیە لە دەستکەوتەکانی ژن لە باشووری کوردستان وە ژنانی باشوور ڕۆڵی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان وەرگرتووە. پاشان کردنەوەی فەوجی تایبەتی ژنان لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە یەکێکی دیکەیە لە دەستکەوتەکانی ژنان، وە ئێستا خۆشبەختانە ژن لە سەر جەم بوارەکاندا بەشداری کارای هەیە و لە حکومەت دا پۆستی گرنگ و وەزارەتیان پێ دەدرێت و چەندین پۆستی حزبی و حکومی هەیە کە ژن تێیدا لە شوێنی بڕیارە.

## ئایا ژنان لە باشوور توانیویانە وەک ژنێک خەبات بکەن؟

بە بڕوای من ژن لە باشوور گیرۆدەی حیزبەکەی یان سەرکردەکەی بووە. ژنان نەیانتوانیوە وەک ژنێک خاوەنی بڕیار بن وە هەمیشە گیرۆدەی بڕیارەکانی حیزب یان کۆمەڵەکەی یان بزووتنەوەکەی بووە و نەیتوانیوە ئەو کۆت و بەندانە بشکێنێ و وەک ژنێک خاوەنی قەرار و ڕاوبۆچوونی خۆی بێ. تەنانەت سیاسەتی باشوور سیاسەتێکی ناهاوتایە و هەمیشە شەڕی ناوخۆ و پێکدا هەڵپڕژان لە نێوان حیزبەکانی باشووردا هەبووە. ئەوەش وایکردووە کە ژنانیش ببن بە چەند ڕەنگ و بەرەو تاقمێک بن و هەمیشە لە ژێر فشار و بڕیاری حیزەبکەیاندا بن و لە پرسە نیشتمانی و چارەنوس سازەکان دا یەکدەنگ و هاو هەڵوێست نەبن. بە داخەوە ئەوەش ڕەنگدانەوەی خراپی لە سەر کۆمەڵگە دروس کردووە. نیشانەی پرسیاری لە سەر خەباتی ژن داناوە کە ئایا ژن بۆ تێکۆشاوە گەر هاوخەم و هاوسۆزی ڕەگەزی خۆی نەبێ و پشتیوان نەبێ بۆ داوا ڕەواکانی؟ گەر ژنانی باشوور هاوڕا و پشتیوانی یەک نەبن ئەوە هیچ پێویست ناکات شەڵتەر بۆ ژنان بکرێتەوە و بکرێتە زیندانی هەتاهەتایی بۆ ژن. بەڵکوو لەجیاتی ئەوە لە کۆڕ و سمینارەکانیان دا بە هەوڵی پەروەردەیەکی تەندروستی خێزانی دەبن کە تێیدا تاکەکانی داهاتوو خاوەن پرەنسیب و بیروڕای خۆیان و لە خەمی نیشتمان و نەتەوە و کوردستانەکەیان بن، بۆ ئەوەی چیتر ژنان لە جیهانی مۆدێل و مۆدێرنەوە بە کاڵاکردن لە دنیای تازەی جیهانگیری دا سەرلێشیواو نەبن.



# ئەوین سوێد

**نوێنەری خۆبەڕێوەبەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی**
**سوریا لە باشووری کوردستان**



ساڵانێکی زۆرە ژنان لە بەرامبەر عەقڵیەتی پیاوسالار بۆ بەدەست هێنانەوەی مافەکانیان تێکۆشان دەکەن. بەڵام بۆ یەکم جار لە جیهاندا ژنان توانیویانە سیستەمی خۆیان دروست بکەن و خۆیان بڕیاردەری خۆیان بن. ئەویش لە سایەی تێکۆشانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە رۆژئاوای کوردستان بوو کە ئەمڕۆ کۆنگرەی ستار دەتوانێت ببێت بە نموونە و ئیلهامبەخشی ژنان لە هەموو جیهان. لە سەر دۆخی رۆژئاوا بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕش داوامان لە **بەڕێز ئەوین سوێد – نوێنەری خۆبەڕێوەبەری باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا لە باشوور** کردووە، هەڵسەنگاندن لەو بارەیەوە بکات.

دۆخی ژنان لە شارو هەرێمەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا زۆر جیاوازن لە یەکتر بۆیەش هەندێک شار کراوەتر و ئاسسودەترن بۆ ژنان بەرامبەر بە هەندێک لە شارەکانیتر، بۆ نمونەش شارە کوردنشین و کریستیان نشینەکان. من خەڵکی شاری قامشلۆم، زۆر نەتەوە و بیر و باوەڕی جیاواز لە قامیشلۆ دەژین و پەیوەندییە دراوسێیەتی و هاوڕێیەتییەکان لە نێوان ئەم نەتەوە و باوەڕیانەدا زۆر لە ئاستێکی بەرزدایە وە ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی شاری قامیشلۆ شارێکی کراوە بێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر من درووست کردووە. ژنان سەرەڕای هەبوونی هەموو بارودۆخێک تەنانەت بەر لە شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستانیش ڕوویان دەکردە شارەکانی سوریا بۆ ئەوەی بتوانن لە زانکۆکانی ئەوێ بخوێنن و بنەماڵەکانیشیان پشتگیریان دەکردن بۆ ئەوەی بتوانن خوێندنەکەیان تەواو بکەن و لە داهاتوودا بن بە کەسایەتییەکی چالاک لە کۆمەڵگەکەیاندا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێژەی ئەو ژنانەش کەم نەبوون کە لە هەوڵی دروستکردنی ژیانی هاوسەرگیریدا بوون و بەردەوام دەگوترا کە لە کۆتاییدا ژنان پەیوەستن بە ماڵ و منداڵەوە. ئەو ڕێژە لە ژنانیش کە سەرقاڵی خوێندن بوون لە زانکۆکانی سوریادا خۆیان بە بەرپرسیار دەبینی بەرامبەر بەوەی کە بتوانن بن بە نموونەیەکی باشی ژنانی کورد لە ناو نەتەوەکانی تری سوریادا و بتوانن دەوڵەمەندی کولتوور و وڵاتەکەیان پشان بدەن. بێگومان توشی زەحمەت و ئاستەنگی زۆریش دەهاتن چونکە هەمیشە لە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدا بوون کە ئەوانیش کەمتر لە پیاوان نین و بەهەمان شێوەی ئەوان دەتوانن سەرکەوتووبن.

بە دەیان بنەماڵە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە کە زۆر لەمێژە ئاشنای فکر و فەلسەفەی ڕێبەر عەبدوڵلا ئۆجەلانن. سەبارەت بە ژن و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا و لەسەر بنەمای فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆ خۆیان بەڕێخستن کردووە و بنەماڵەی منیش یەکێکە لەو بنەماڵانە، بەڵام شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان بووە هۆکار و هەوێنێک بۆ ئەوەی کە ئەم فکرە زیاتر پەرەی پێ بدرێت و زیاتر و زیاتر لە ناو بنەماڵەکاندا بڵاو ببێتەوە. دەتوانین بەشداری ژنان لە پەروەردەی ئاکادەمیەکان وەک یەکەم هەنگاو بۆ خۆ ناسین و ئیرادە ناسینیان ببینین، هەروەها ناسینی کۆمەڵگە، دابەشکردنی خەیاڵ و خۆشیەکان و هەروەها زەحمەتیەکانیش هەنگاوەکانی تر. بەم شێوە ئەو جیهانە بچووکەی کە بۆ ژنان

دروست کرابوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر دەبووە. چوونکە کاتێک کە ژیانی ژنان بەرفراوانتر دەبێت ئیتر گەڕانەوە بۆ دواوە مومکین نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر ڕۆژ بەرفراوانتر دەبێت. ژنان لە ناو شۆڕشدا تێگەیشتن کە بە تەنیا نین و کەسی هاودەردیان هەیە و هەریەکیان بە نۆبەی خۆی دەتوانن ببن بە هیوا بۆ ژنان. هەروەها ڕێکخستنی ژنان ئامێزێکە کە ژن دەتوانێت تیایدا خۆ بناسێت، خۆ پەروەردە بکات، ڕێگە چارە بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە و ببن بە پاڵپشت بۆ بڕیارەکانی کە ژنان. هەر ئەوە بوو  بە هۆکار کە ژنان وەک لافاوێک بەشداری شۆڕش ببن. بە بڕوای من هەر ژنێک دەرکی بەوە کرد کە لە هیچ هەنگاوێک دا بەتەنیا نامێنێتەوە چوونکە ڕێکخستنی ژنان لە هەموو هەنگاوێکدا پاڵپشتین و ئەمەش لای من سەرنجڕاکێشترین خاوەنداریکردنە و جێگەی باوەڕییە، بۆیەش ئێمە لە ئێستادا باس لە دەیان ژن دەکەین کە خۆیان بڕیاردەری ژیانی خۆیانن، چ لە لایەنی ژیانی کارکردنیانەوە بێت یاخود ژیانی خێزانیان. بەر لە شۆڕش، لە سوریادا جگە لە ژنانی کورد هیچ ڕێکخستنێکی سەربەخۆ و تایبەت بە ژنان نەبوو بۆیەش ژنان بەتەنیا مابوونەوە بەرامبەر بە دواکەوتوویی. ئەمڕۆش زۆر لە دوێنێ دوور نییە و زۆر لەو کاتە کە باوکێک کچەکەی بە تورەکەیەک نان فرۆشت دوور نییە. ئەم یەک لەو ڕووداوانە بوو کە زۆرترین کاریگەری لە سەر من دانابوو. ئەو گۆڕانکاریانەی لە سوریا دا ڕوویاندەداد کاریگەرییەکی نەرێنیان لەسەر ژنان دروست دەکرد بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سوریا و دۆخی ژنان تا دەچوو خراپتر دەبوو بەتایبەتی لە شارەکانی وەک عەفرین، سەرێکانی و گرێ سپی کە چەتەکان بە هەموو شێوازێک ئازاری ژنانیان دەدا لە ڕێی ڕفاندن، گرتن، دەستدرێژی سێکسی، هاوسەرگیری لە تەمەنی بچوک و کوشتن. ئەوانە ئەو ئازارانە بوون کە هەموو ڕۆژێک هەریەک لە ئێمە لەگەڵیان دەژیا.



من دەرچووی بەشی ئابووری زانکۆی حەلەبم و بەر لە شۆڕش سەرقاڵی پیشەی مامۆستایەتی بووم بەڵام دوای دەستپێکردنی شۆڕش لە نیسانی ساڵی ٢٠١٤ دەستمکرد بە کار و خەبات لە ناو ڕێکخستندا و سەرەتا وەک بەڕێوەبەری کەناڵی ڕووناهی تیڤی بۆ ماوەی دوو ساڵ ئیشم کرد، پاشان وەکو نوێنەری کۆنگرەی ستار هەڵبژێردرام و لەبواری دیپلۆماسیدا پەرەم بە خەبات دا. ئەوەی زیاتر کاریگەری لەسەر ژیانم دروست کرد ئیش کردنم بوو لە خەباتی خۆسەردا کە ئەتوانم بڵێم لەم خەباتەدا یارمەتیگەلێکی زۆرم بینی لە بواری پەروەردە، گەشەپێدان و چەندین بواریتر کە ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆر گەورەیان لەسەر ژیانم هەبووو. جاری یەکەمم بوو کە توانیم ڕاستیینەی کۆمەڵگە لە نزیکەوە

ببینم وەدەوڵەمەندی و زەحمەتییەکانی بناسم بەتایبەتی لە کەسایەتی ئەو ژنانەی کە لەگەڵ یەک کار و خەباتمان دەکرد و خاوەن ئەزموون و نێرینی جیاواز بوون بۆیەش من کاری خۆسەر بە بەرفراوانترین خەبات دەبینم، بەڵام ئەگەر بێت و هەمووی بەیەکەوە یارمەتیدەری یەکبن و بەیەکەوە کارەکان ڕاپەڕێنن ئەو کات ئەم خەباتە، دەتوانێت بەرەو پێشەوەت ببات و ئامادەت بکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەموو ئەرک و بەرپرسیارییەتیەکیتر ببیتەوە و بە ئەنجامیان بگەیەنی. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین خەباتی خۆسەر خەباتێکی بێ کێشە و بێ تێکۆشانە چونکە لەڕێی ئەم خەباتەوە تێکۆشانی ژنان بۆ دۆزینەوەی کێشەکانی خۆیان و چواردەورەکەیان دەستپێدەکات. چونکە زۆر جار ڕووبەڕووی ژنانێکی بیر کلاسیک دەبیتەوە واتا ئەو ژنانەی کە لە ڕووی خەبات و بەڕێوەبردنەوە خۆیان لە پیاوان دەچوێنن کە ئەمەش دەکرێ لەڕێی ڕەخنە کردن و گفتوگۆوە چارەسەر ببێت.

کاتێک مرۆڤ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا ڕوودەدات دەیانبینێت و هەستیان پێدەکات دەبێتە هۆی ئەوەیکە زیاتر نرخی خەباتی خۆسەر بزانێت، بۆ نموونە گۆڕان لە هەڵسوکەوتی خێزان و کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژن و هەڵسەنگاندنی دۆخ و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان بە هزرێکی نوێ و بینینی ژن وەک پێشەنگێک. لە زۆر ڕووداو و چالاکی دا ڕووبەڕووی ئەم گۆڕانکاریانە بوومەوە و ورەی زیاترم لێ وەرگرتن بۆ نمونە وەک بەشداری کردنی پیاوانی شاری کۆبانی کە عەقڵیەتی پیاو سالاری لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، لە خولە پەروەردەیەکانی کۆنگرەی ستار و بۆ جاری یەکەم. لەو شارە توانرا خولێکی پەروەردەیی فکری بۆ هەڤاڵانی پیاو لە ئاستی ڕێوەبەری بە پێشەنگایەتی شەهید لەیلا ئاگری و هەڤاڵانیتر بەڕێوە ببرێت. یەکێک لەو ڕووداوانەی زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو ئەو کاتە بوو کە ژنێکی عەرەب لە شاری حەسەکە کە هەوڵی دابوو خۆی لە بەرامبەر دەستدرێژی بپارێزێت، کوژرابوو. لەم کاتەدا بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەم کردەوەیە ژنان و پیاوان هاوشانی یەکتر ڕژانە سەر شەقام و ناو کۆڵانەلانی شاری حەسەکە و بەم کردەوەیە سەلماندیان کە چیتر نابێ ژن لەم وڵاتەدا بکوژرێن و ببنە قوربانی. لەکاتێکدا ئەگەر ئەم ڕووداوە پێشتر ڕووی بدایە کۆمەڵگە بێدەنگ دەبوون بەوەیکە ئەمە بابەتێکی ناموسیە و خۆیان بە بەرپرسیار نەدەبینی بەتایبەتیش لە ناو نەتەوەی عەرەبدا بەڵام وەک دەبینرێت بارودۆخی ئێستاکەی ڕۆژئاوای کوردستان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە.

ئەزموونی خەباتی گشتیم پێش خەباتی خۆسەر زۆر جیاوازتر بوو لە ئەزموونی دووبارەم دوای خەباتی خۆسەر. چونکە تێگەشتن و دیتنم لە هەندێک بابەت بەهۆی پەروەردەوە زیاتر و باشتر دەبێت و شێوازی تێکۆشان بەرامبەر بە عەقڵیەتی باوک سالاری جیاوازتر دەبێت و بێگومان بە ناسینی ڕێکخستنی ژن ئەم تێکۆشانە دەوڵەمەندتر دەبێت و ئەنجامی باشتری دەبێت. لەخەباتی خۆسەردا زیاتر توانیم لە ڕاستینەی عەقڵیەتی پیاوسالاری تێبگەم بەڵام لە خەباتی دیپلۆماسی دا زیاتر بەرکەوتنم لەگەڵ ئەو عەقڵیەتەدا هەبوو و زیاتر توانیم بیناسم، ئەو کاتانە کە ڕووبەڕووی ئیرەیی

و خۆ بە ناوەند بینینی پیاوان و هەوڵدانیان بۆ پوچەڵکردنەوەی خەباتی ژنان بوومەوە.

بنەماڵەکانی ڕۆژئاوا زیاتر لە هەوڵی ئەوە دان کە منداڵەکانیان لەسەر بنەمای وڵاتپارێزی و کوردایەتی پەروەردە بکەن بەڵام بەشداربوون لە کایە سیاسیەکاندا سنووردارە. پێش شۆڕشی ڕۆژئاوا بە سەدان ژن لە ڕۆژئاوا ڕوویان لە چیا ئازادەکان دەکرد بەڵام بە فەرمی نەیاندەتوانی لە کایەی سیاسەتدا بەشداربن بەڵام دوای شۆڕش ڕۆڵی ژنان لە سیاسەتدا تۆختر بوو و ژنان زیاتر توانیان لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵیان هەبێت وە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە سیاسەت بەرەو سیاسەتێکی دیموکراتیک ببەن بە جۆرێک کە ژنان و پیاوان، شان بە شانی یەکتر ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. هەروەک چۆن لە خەباتی چەکداریدا بەتایبەتی بەرامبەر بە داعش و دەوڵەتی تورکیا ژنان و بەتایبەتی ژنانی یەپەژە بە پێشەنگایەتی هەڤاڵان نالین موش، ژیان تۆلهەڵدان، ئارین میرکان و بەسەدان ژنیتر وەستانەوە و پێداگربوون لەسەر پاراستنی خاکی خۆیان، بەهەمان شێوەش ژنانێک وەک شەهید هەڤرین، زەینەب و یوسرا پێداگربوون لەسەر ئەوەی ناسنامەی سیاسی ژنان بەرەو پێشەوە ببەن و بوونە پێشەنگ بۆ ژنانی کورد، عەرەب و سوریانی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریادا و بۆ هەموو ژنانی دیکەش.





## شەقایێق نەورۆزی

**چالاکی مافی ژنان لە ئێران**

لە هاوینی ١٤٠١ئێمە شاهیدی هەڵگیرسانی شۆڕشی ژنان لە ژێر دروشمی ژن ژیان ئازادی بووین لە ئێران، شۆڕشێک کە بۆ ئاییندەی ئێران و ناوچەکە زۆر گرنگە. چوونکە لەم شۆڕشەدا ژنان تابوگەلێکی یەکجار زۆریان شکاند و جارێکی تر هەستانەوە بە وەرگرتنەوەی ڕۆڵی مێژوویان واتا بەڕێوەبردن(سیاسەت کردن) و پێشەنگایەتی کردن بۆ کۆمەڵگە. لە سەر ئەم بنەمایە لەگەڵ بەڕێز **شەقایێق نەورۆزی - چالاکی مافی ژنان لە ئێران**، گفتوگۆمان ئەنجام داوە.

## بەشداری سیاسی ژنان لە ئێران لە دوای شۆڕشی 57 چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین سەردەمی بەشداری سیاسی ژنان لە ساڵانی ڕابردوودا لە کاتی ململانێ لەگەڵ ڕژێمی شاهانەدا ببینرێت. بەشداری کاریگەر و کارا لە حیزبە سیاسییەکان و کاری ڕێکخراو و تەنانەت بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنە چەکدارییەکانی دژ بە ڕژیم. لەم چوارچێوەدا، ڕێژەی دابەزینی بەشداری کارای ژنان لە سیاسەتدا لە دوای هاتنە سەردەسەڵاتی خومەینی زۆر بەرچاوە. دوای شۆڕشی٥٧، ژنان هەوڵی سەربەخۆی خۆیان (وەک پێکهێنانی حزبی سیاسی)، ئەمجارەیان بۆ وەرگرتنەوەی ڕۆڵی سیاسی دا. دەسەڵاتی خومەینی بە سەرکوتی ژنان دەستی پێکرد. ئەو ژنانەی پێش شۆڕشی ٥٧ لە چالاکی حیزبی و جێبەجێکاری سیاسیدا ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەبوو، کاتێک لەلایەن خومەینیەوە سەرکوت کران، لەلایەن پیاوانی ناو حیزبیەکانیانەوەش پشتیوانییان لێ نەکرا و پێیان دەگوترا «شەڕی دژ بە ئیمپریالیزم لە داخوازییەکانیانی ئەوان گرنگترە!» و بەم شێوەیە خومەینی کە لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت و لە کاتێکدا کە لە سەرەتاوە بیری دژە ژنی خۆی بە تەواوی ئاشکرا نەکردبوو، بە خێرایی و بە توندی دەستی بە سەرکوتکردنی ژنان کرد. سەرەڕای ئەوەش ژنان یەکەم گرووپ بوون کە بە دوای فەرمانی حیجابی زۆرە ملی، لە دژی خومەینی ناڕەزایەتیان دەربڕی. تێکۆشان لە دژی حیجابی زۆرەملی، تێکۆشانێکی ٤٥ ساڵەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی «ولایت مطلق فقیه» تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بەڵام ژنان لەم تێکۆشانەدا توانیان بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی پرسی خاوەنداری ژنان لە جەستەیان بۆ کۆمەڵگە ڕوون بکەنەوە و ئەم پرسە بکەنە پرسێکی گشتی بۆ ڕزگاری هەموو گروپە چەوساوەکان. هەوڵدان بۆ گۆڕینی یاساکانی هاوسەرگیری، جیابوونەوە، فرەژنی، بەردبارانکردن و هاوسەرگیری پێش وەخت و هەروەها هەوڵدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی و جێندەری، هەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی مافی کۆتاییهێنان بە دووگیانی لە سەرداوای ژنان و هەموو ئەو ململانێیانەی کە ژنان لەم ساڵە تاریکانەی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدەست هێنانی مافە سەرەتاییەکانیان داویانە، تێکۆشانی سیاسی ژنانە لە دژی سیستەمێک کە مانەوەی خۆی لەسەر سەقامگیرکردن و بەهێزکردنی بۆشایی جێندەری بنیات ناوە و بۆ مانەوەی خۆی ژنانی بە کۆیلە کردووە.

**ڕێکارەکانی ڕژیمی ئێران بۆ پێشگرتن لە بەشداری ژنان لە خەباتی سیاسیدا چین؟**

ڕژیمی ئێران بۆ ڕێگری کردن لە بەشداری ژنان لە خەباتی سیاسیدا چەندین شێوازی جۆراوجۆری بەکارهێناوە:

- بە یاسایی کردنی سەرکوتی ژنان و کەمڕەنگ کردنەوەی مافەکانیان بە پشت بەستن بە ئیسلامی سیاسی. ئاشکراترین ڕووخساری دژایەتی ئەم یاسایە بۆ مافەکانی ژنان، قەدەغەکردنی خۆکاندیدکردنی ژنان بۆ پۆستی سەرۆکۆماری و دادوەرییە. یاساکانی خێزانی، یاساکانی پەیوەست بە حیجابی زۆرەملی بەسەر ژنان و یاساکانی پەیوەست بە مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی سێکسی، تەنها چەند نموونەیەکن لەم جیاکارییە سیستماتیک و مێژووییە، لە ڕێگەی یاساوە.
- کۆنترۆڵکردنی کولتووری کۆمەڵگە بە ئامێرەکانی وەک میدیا و پەروەردە، ڕێکارێکی دیکەی حکومەتی ئێران بۆ ئاساییکردنەوەی زوڵم و ستەمی سەر ژنان بووە. کەڵک وەرگرتن لە میدیا و پەروەردە وەک ئامێرێک بۆ دروستکردنی فەرهەنگ، بێگومان یارمەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دا کە لە بنەماڵە، دەزگای پەروەردەیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک چەکی سەرکوت کەڵک وەربگرێت.
- ئامێرێکی دیکەی ڕژیم بۆ تێکدانی ڕێکخراوەکانی ژنان، پلانی بۆشایی خستنە نێوانیان لە ناوەوە و دەرەوە بووە. ئەم ستراتێژیەی ڕژیم لە هەر بارودۆخێکدا کە سەرکەوتوو بووە، توانیویەتی ڕژیم لە بەرامبەر هێزی ڕێکخستنی ژنان بپارێزێت.
- سنووردارکردنی چالاکییە ناوخۆییەکان بە حیزبە ڕیفۆرمخوازەکانەوە(اصلاح طلب) و گرتن و دەستبەسەرکردن و دەرکردنی حوکمی قورسی دەرەوەی یاسایی بۆ چالاکانی سەربەخۆی بزووتنەوەی ژنان، ئامێرەکانی دیکەی ڕژیم بۆ کۆنترۆڵکردنی خەباتی ژنان بووە.

**جگە لە سیاسەتە دژە ژنەکانی دەسەڵات، تا چەند کولتوور و نەریتی پیاوسالار، کاریگەرە لەسەر بەشدارینەکردنی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسیدا؟**

بێگومان فەرهەنگ و نەریتی پیاوسالار لە کۆمەڵگەی ئێراندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەشدارینەکردنی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە. ئەم فەرهەنگ و نەریتانە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانن لە ئاستەنگ کردنی چالاکییەکانی

ژنان لە بوارە جیاجیاکاندا. گۆڕەپانی سیاسەتیش یەک لە مانەیە.

- ڕۆڵی دابەشکردنی کار لە سەر بنەمای ڕەگەز: لە کولتووری کۆمەڵگەی ئێراندا زۆربەی کاتەکان ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز دابەش دەکرێن، بەجۆرێک کە پیاوان بە بەرپرسی کاروباری گشتی و سیاسی دادەنرێن و ژنانیش بە بەرپرسی ماڵ و خێزان.
- دروست کردنی وێنەی خەیاڵی لە پیاوان وەک ڕیبەر: لە کولتوری ئێراندا وێنەیەک لە پیاوان وەک ڕێبەر و بڕیاردەر دروست بووە کە ڕێگرە لە بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا. ئەم وێنە خەیاڵییە بووەتە هۆی ترس و نائومێدی لە ژناندا بۆ بەشداریکردن لە کاروباری سیاسی.
- بچووک دیتنی ژنان: هەندێک لە ڕوانگە و بیروباوەڕی کۆمەڵگە سەبارەت بە هێز و توانایی ژنان، ئاستەنگی بۆ بەشدارییان لە سیاسەتدا دروست دەکات. ئەم ڕوانگانە دەتوانن هەستی بێکاریگەری و بێ بڕوایی لەم بوارەوە لە ژناندا دروست بکات.
- ڕۆڵی سنووردار لە بڕیاردان: لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی ئێراندا، ژنان بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسە گرنگەکانی بڕیارداندا ڕۆڵێکی کەمتر دەگێڕن. ئەم پرسە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر متمانەی ژنان بە خۆیان، لە خەباتی سیاسیدا هەبێت.
- پابەندبوون بە ئەرکی ناوماڵ: کولتووری کۆمەڵگەی ئێران لە سەر بنەمای بنەماڵە دروست بووە. هەر بۆیە پابەندبوونی ژنان بە ئەرکی ناوماڵ زیاترە لە ئەرکە سیاسییەکان و ئەمەش دەتوانێت ڕێگر بێت لە بەشداری ژنان لە خەباتی سیاسی.
- نەبوونی هاندەر بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی کارامەیی: لە هەندێک حاڵەتدا ژنان بە قەد پیاوان دەستیان بە خوێندن و ڕاهێنانی کارامەیی ناگات. ئەم پرسە دەتوانێت ڕێگری بکات لە دەستکەوتنی کار و هەلی بەشداری سیاسی کاریگەر بۆ ژنان.

بە گشتی فەرهەنگ و نەریتی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەک فاکتەرێکی گرنگ دەتوانێت بەشداری ژنان لە گۆڕەپانی سیاسیدا سنووردار بکات. بەڵام گرنگە ڕۆڵی دەسەڵات لە بنیاتنان و سەقامگیرکردنی ئەم کولتوورەدا لەبەرچاو بگیرێت و وەک ڕیشەی کێشەکە بزانرێت. جگە لەوەش، بەو پێیەی بنەمای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای پیاوسالاری و یاسای شەریعەت دامەزراوە، لەگەڵ دامەزراندنی ڕژیم، پێکهاتەی پیاوسالاری کۆمەڵگە، دەرفەتی هەموو جۆرە پارێزگارییەکی یاسایی بە تەواوی بەدەستهێنا و بەم شێوەیە سەد هێندە بەهێزتر بوو.

**چەند نموونەیەک لە ئەزموونەکانی بەڕێزتان لە ماوەی تێکۆشانتان.**

دیارترین ئەزموونمان سەبارەت بەو کەمپینانەیە کە لە ناوخۆی ئێراندا ئەنجاممان دا. هێزی کەمپینەکانی ئێمە لە یەکگرتوویی نێوان ژنانی ناوخۆی ئێران و گروپەکانی دەرەوەی ئێران وەک ئێمەدایە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەرفەتانەی کە هەمانە بخەینە خزمەتی ئازایەتی ژنان. هەر کە ئەم کەمپینانە بەهێز و جەماوەری دەبوون، ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئەمنی و دەستگیرکردنی پێشەنگەکانیان دەبوونەوە. چالاکانی ناوخۆ لەم دەستبەسەرکردنانەدا هەڕەشەی وازهێنان لە هاوکاری لەگەڵ ئێمەیان لێ دەکرێت و کاتێک ئەم داخوازییە لە ژێر گوشاردا قبووڵ کرا و پەیوەندی ناوەوە و دەرەوە هەڵبڕا، کەمپینەکە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ڕادەگیرێت. تاکتیکێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی کە من وچالاکانی تری «می توو»ی گرتەوە، خراپکردنی ڕووی ژنانی چالاکی سیاسییە. بڵاوکردنەوەی ڕووداوی درۆ دەربارەی ئێمە، بارودۆخی ژیان و ڕابردوومان، ئامێرێکی دیکەیە کە هەندێک جار دەتوانێت کاریگەری لەسەر مێشکی هاوڕێیانمان دروست بکات و لە کاری یەکگرتوو و ڕێکوپێک دوورمان کاتەوە. پێویستە هێرشە ئۆنلاینەکانیش لە سەر ئەم تاکتیکانە زیاد بکرێت. ئەو هێرشانە فەزای مەجازی چالاکییەکانمان نائەمن دەکەن. ساڵی ڕابردوو گروپی «می توو» و گروپێکی گەورەی فێمینیستەکانی ئێران ڕووبەڕووی هێرشی سیستەماتیکی ئۆنلاین بوونەوە و هەموو ماڵپەڕە مەجازییەکانمان بە وەرگرتنی فۆڵۆوەرێکی زۆری ساختە لە لایەن هێزە ئەلیکترۆنییەکانەوە، لاواز بوون.





# پەیمان ڤیان

**ئەندامی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵگەی ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - کژار**

کاتێک باسی سیاسەت و سیاسەت کردن دەکرێت، هەندێ کەس سیاسەت وەکوو کاری دەوڵەت پێناسە دەکەن و تێگەیشتنێکی وا خولقێندراوە کە سیاسەت کاری دەوڵەتە. بەڵام لە ڕاستیدا **سیاسەت دژی دەوڵەتە و لە ئەساسدا بە واتایی بەرێوەبردنی کۆمەڵگەیە**. سیاسەت خۆی هونەرێکە؛ هونەری بەڕێوەبردنی ژیانە، هونەری بەڕێوەبردنی کارەکانە بە باشترین شێوە. کاتێک باسی پەیوەندی نێوان ژن و سیاسەت دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە سەرنج بۆ سەر ئەوە ڕاکێشین کە لە سەردەمی نیئۆلۆتیکدا (سەردمی شۆرشی کشتوکاڵ) ژن ڕێکخەر و بەرێوەبەری ژیان بووە و توانیویەتی لە بوارەکانی مادی و مەعنەویدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ ژیان بەرێوە ببات. واتای ڕاستەقینەی سیاسەت ئەمەیە.

لە سەردەمی ئێستادا، هەم کۆمەڵگە بە ڕێبازی خۆی سیاسەت دەکات و هەم دەوڵەتەکان و داگیرکەران بە شێوازی خۆیان. ئەم سیاسەتە دەتوانێ باش بێت و لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە بێت یا خێر لە پێناو بەرژەوەندی هەندێک کەس و لایەن بێت. سیاسەت کاری کۆمەڵگەیە و ژنان زۆرترین ڕۆڵیان لە سیاسەت دا هەیە. ئەگەر ماڵێک بە نموونە بهێنینەوە ئەوا دەردەکەوێت کە پەروەردەکردنی منداڵەکان، بەڕێوەبەردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانە سەرجەمیان ئەرکی ژنە. هەر بەو شێوەیەی کە ژن لە سەردەمی نیئۆلۆتیکدا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە و هەوڵیداوە بە باشترین شێوە کۆمەڵگە بەرێوەببات. **ژن گەر بە ئیرادە و هزری خۆی سیاسەت بکات، ئەوا دەتوانێت ئازادی کۆمەڵگە مسۆگەر بکات.**

لە دوای ئەوەی ژن لە سیاسەتکردن بێبەشکرا، ئیتر ژن خاوەن ماڵ نییە، خاوەنی منداڵەکانی نییە، نیشتمانی نییە، تەنانەت دەتوانین بڵێین خاوەنی خۆیشی نییە و خاونی ژن کەسێکی دیکەیە. هەمووی ئەوانە بەو هۆیەوەیە کە هونەری ژیان کردن و ژیان بەڕێوەبردن لە ژن ئەستێندراوە. ژنان هەزاران ساڵ سیاسەتیان کرد، ژیانیان بەرێوەبەرد و توانیان هاوسەنگی نێوان مرۆڤ و سرووشت بپارێزن، بەڵام لە دوای ئەوەی عەقڵیەتی پیاوسالارانە ئەم هونەرەی لە دەستی ژن دەرهێنا، سیاسەت کەوتە خزمەتی دەسەلات و ئەم جۆرە سیاسەتکردنە بوو بە ئامێرێک بۆ دامەزارندنی دەوڵەت و دەوڵەتەیش لە دژی ژن و ژینگە بەکاری هێناوە.

ژنان لە زۆربەی شۆڕشەکاندا چالاکانە بەشدارییان کردووە و بۆ ئەوەش باجێکی گەورەیان داوە، بەڵام هەموو کاتێک لە دوای سەرکەوتنی شۆرشەکان گرینگی بە مافەکانی ژنان نەدراوە و لە کاتی گفتوگۆ و بڕیارگرتندا، ژنان و مافەکانیان لەبیرکراون و پشتگوێ خراون. ئەوە لە کاتێدایە کە **ئازادی هەر کۆمەڵگەیەک پەیوەستە بە ئازادی ژن لەو کۆمەڵگەیە.**

لە بەر ئەوەی هیچ رۆڵێک لە سیاسەت دا بە ژنان نەدراوە و هەمیشە سیاسەت بە پێی هزر و بیرکردنەوەی سەردەست و پیاوسالارەکان بەڕێوەچوون، هەمیشە کوشتن، شەڕ ، کۆچکردن و وێرانییان بۆ وڵاتان لەگەڵ خۆیان هێناوە و تەنیا خزمەتیان بە زێهنیەتی پیاوسالاری و دەسەڵاتداری کردووە.

شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلان لە ئێرانیش بە هەمان شێوە بوو. شۆڕشی ٥٧ شۆڕشێک بوو کە بە پێشەنگایەتی ژنان و بۆ بەشداری ژنان لە سیاسەتدا دەستی پێ کرد. بەشداریکردن لە سیاسەت یانی، ژنان بتوانن گوزارە لە هەبوون و ئیرادەی خۆیان بکەن. ژنان بەر لەم شۆرشەش هەوڵدانی زۆریان ئەنجامدا، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە تێکۆشانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بکەین. ڕاستە لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ مافی دەنگدان لە ژنان زەوت نەکرا، کەچی هەموو دەرفەتەکانی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ژنان لە سیاسەت بەڕێگای یاسا و شەڕیعەت لەناوبران و هەموو مافێکی سیاسی لە ژنان قەدەغە کرا. کاتێک مافی سیاسیش قەدەغە بکرێت، یانی ژیان و مافی بەڕێوەبردنی ژیان قەدەغە دەکرێت.

ئەگەر ئەم دۆخە بە ڕەستەیەک پێناسە بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین کە ژنان لە سیاسەتدا پەراوێز خراون. هەر چۆن پێشتر و لە سەردەمی پاشایەتیدا، شا یاخود کەسی یەکەمی دەسەڵات پیاو بوو، ئەوا ئێستاش سەرۆکۆمار لە سیستەمی ئێراندا دەبێت هەر پیاو بێت. سیستەمی ڕەگەزگەرایی ئێرانی ئێستاش هەر وەکوو جارانە و لە زۆرێک لە دامودەزگاکانی ڕژیم بۆ نموونە مەجلیسی خوبرەگان، ژنان ناتوانن بەشداری بکەن. بەشداریکردنی ژنان لە پارلەمانیش دا زۆر بەرتەسکە و بەو مەرجە ڕێگە بە بەشداریکردنیان دەدرێت کە خزمەت بە سیستەمی پیاوسالارانە بکەن. یانی دەبێت ژنان دژایەتی ڕەگەزی خۆیان و دژایەتی کۆمەڵگە بکەن. سەرجەم ئەو ژنانەی دەیانویست بە واتا ڕاستەقینەکەی سیاسەت بکەن، دەسبەسەر کراون، لە زیندانەکاندا ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی دژوار بوونەتەوە، هەوڵی شکاندنی ئیرادەیان دەدرێت و لە گۆڕەپانی سیاسەت دوور خراونەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەت، مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە. هەر لە خوڕەمدینەکانەوە بگرە هەتا بەرخۆدانی قەڵای دمدم، کاتێک ژنان لە شەڕەکاندا بەشدارییان دەکرد، دەیانتوانی لە سیاسەتیش دا خاوەن بڕیار بن. بۆ نموونە ژنێکی گەورە وەکوو «خوڕەم» لە دوای مردنی مەزدەک پێشەنگایەتی بۆ کڵاوسوورەکان دەکات و کەسێکی وەکوو قەدەم خێری لوڕستانی لە بەڕێوەبردن و شەڕکردن دا بەناوبانگن. ئەمانە تەنیا دوو نموونە لە ژنانی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. هەر ئەمەشە کە ڕێگای بۆ شۆرشی «ژن ژیان ئازادی» خۆشکرد کە لە ساڵی ڕابردوودا بە پێشەنگایەتی ژنی کورد دەستی پێکرد.

ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ڕووبەڕووی زەحمەتی زۆر دەبنەوە، چوونکە پیاوان لە گۆڕەپانی سیاسیدا سەروەرن. بە شێوەیەک کاتێک دەڵێن سیاسەت، سەرەتا پیاو بە بیری هەر تاکێکدا دێتەوە. لەمەشدا ڕۆڵی پیاوانی فیلسوف و ئەوانەی کە وتوویانە: «ژن ناتوانێ سیاسەت بکات، چوونکە عەقڵی یاخود مێشکی بچووکە»، «ژن بە دەستی هەویراوییەوە ناتوانێت بڕیار بدات»، «عەقڵی ژن لە مریشکێک کەمترە»، « ژن ئەو زەوییەیە کە دەتوانن بە هەر جۆرێک پێتان خۆش بێت، بیکێڵن» ڕۆڵێکی بەرجەستەیە. سەرجەم ئەو ڕەستە و دەستەواژانە بە واتای حەقارەت و بێڕێزییە بە ژنان و لە ئێستادا لە ناو کۆمەڵگەدا وەکوو کولتووریان لێهاتووە و ئاستەنگی گەورە بۆ بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەت دا درووست دەکەن. چوونکە لە گۆڕەپانی سیاسەت دا ڕووبەڕووی عەقڵیەتی پیاوسالارانە دەبینەوە کە ژنان بچووک دەبینێت. لە هەمانکاتدا لە بەر ئەوەی ڕێژەی ژنانی بەشداربوو لە سیاسەتدا کەمە، ناتوانن بە پێی پێویست خاوەنداری لە یەکدی بکەن.

لە دۆخێکی وەها دا کە تەنیا ڕۆڵێکی فۆرمالیتە بۆ ژنان دەسنیشان دەکرێت و ژنان ناتوانن بۆ کۆمەڵگە بڕیار بدەن، ئەوە ژنان بڕیار دەدەن کە بەشداری لە شۆڕشدا بکەن. کاتێک ژنێک بڕیاری شۆڕشگێڕ بوون دەدات، لە ڕاستیدا بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی دەسەڵاتخوازی پیاوسالارانە دەدات. کاتێک دەبێت بە شۆڕشگێڕ سیاسەتی پیاوسالار ڕەت دەکاتەوە تا لە بەرامبەر ئەوە سیاسەتێکی دیموکراتیک، یەکسان و بە هزری ژن بەڕێوەببات. **چوونکە شۆڕشگێری ڕەتکردنەوەی سیاسەتی دەوڵەتگەرا و ئافراندنی ئاڵتەرناتیڤەکەیەتی.** لە شۆڕشدا ژنان و پیاوان پێکەوە ڕیزەکانی تێکۆشان پڕ دەکەنەوە. بەڵام هەن ئەو پیاوە دەسەڵاتخوازانەی تەنیا ڕۆڵی وەچەخستنەوە و خواردن درووستکردن لایەقی ژنان دەبینن، بۆیە ژنان دەبێت خۆیان پێداگری لە سەر مافەکانیان بکەن و هەوڵ بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان بدەن.

بەشداری ژنان لە شۆڕشان دا دەبێت لە سەر ئەو بنەمایە بێت کە ژنان بە بڕیاری خۆیان ئاشتی یان شەڕ بکەن چوونکە لە گەلێک لە شۆڕشەکانی جیهانیش دا بینیومانە، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، مافی ژنان پشت گوێ خراوە، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی بەشداری ژنانیش لەو شۆڕشانەدا بەرچاو بووە. بۆیەش پێویستە ژنان هێزی بەرگری، سیاسی و پەروەردەیی خۆیان دامەزرێنن، تا پیاوان نەتوانن بە تەنیا بڕیاردەر بن. تەنیا بەو شێوەیە ژنان دەتوانن خاوەن هێز بن و دەتوانن خاوەنداری لە مافەکانیان بکەن.

ئێمەش وەک ژنانی شۆڕشگێڕ ڕووبەڕووی ئەو زەحمەتیانە بووینەتەوە. چوونکە ئێستاشی لەگەڵ بێت سیاسەت گۆڕەپانێکە کە ئەگەر ئیزن بدەی دەسبەجێ دەسەڵات دەکەوێتە دەستی پیاوانەوە. بۆیە پێویستمان بە ئیرادە و زانستی سیاسی هەیە. کاتێک ژنان بن بە خاوەن ئیرادەی سیاسی خۆیان، ئەو کاتە کۆمەڵگەش دەبێت بە خاوەن

ئیرادەی سیاسی وە یەکسانی لە ناو کۆمەڵگە پێکدێت. هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد کە ئەگەر ژن لە سیاسەتدا بەشداری بکات، تەنیا یەک ڕەگەز بڕیار نادات و لە هەموو بڕیارەکاندا ژنانیش بۆچوونیان لەبەرچاو دەگیرێت و لە ئاکامدا کۆمەڵگایەکی سیاسی دەخوڵقێندرێت. لەگەڵ خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی سیاسیش، ئازادی و دیموکراسی پێکدێت.

سیاسەت، ئازادی و دیموکراسی سیانەیەکن کە بێ یەک نابن. هەر بۆیە کۆمەڵگەی ئازاد لە ڕاستیدا کۆمەڵگایەکی سیاسیە و ئەمەش بە پێشەنگایەتی ژنان پێک دێت. بۆ ژنانیش بە هەمان شێوەیە، کاتێک کە دەوترێت ژنێک سیاسەتمەدارە بەو واتایە نییە کە تەنیا دەچێتە دەرەوە یان چاوپێکەوتن ئەنجام دەدات، ئەمە بە تەنیا سیاسەت نییە. **سیاسیبوونی ژن ئەو کاتە پێکدێت کە لە وەرگرتنی هەموو بڕیارەکاندا بۆچوونی ڕەچاو بکرێت و کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە هەبێت.** سیستەمی هاوسەرۆکایەتیش باشترین ڕێگەی چارەسەری کێشەکانە. لەم سیستەمەدا لە هەموو شوێنێک ژنێک و پیاوێک پێکەوە هاوسەرۆکایەتی دەکەن و لە حیزبەوە بگرە هەتا پارلەمان، لە بەڕێوەبەرایەتی شارێکەوە بگرە هەتا ئەنجوومەنی گەڕەکەکان، یەکسانی پێکدێت و ژنان لە هەموو ئاستێکدا دەبن بە خاوەن بڕیار. ئەم یەکسانییە لە گۆڕەپانی سیاسیدا، دەتوانێت لە ناو کۆمەڵگا و لە ناو بنەماڵەکانیش دا یەکسانی دروووست بکات. ئەوەش بەو مانایە کە هەموو کەسێک بە ڕەنگ و دەنگی خۆیەوە لە سیاسەت دا بەشداری بکات. کاتێک ژن بە ئیرادەی خۆی، خاوەنداری لە ئازادی بکات، ئەوا هەرچۆن لە مێژوودا ڕۆژهەڵاتی ناوین شاهیدی بۆ یەکەمین شۆرشی ژن (شۆرشی کشتوکاڵ – نیئۆلۆتیک) کردووە، ئەوا شاهیدی بۆ دووهەمین شۆرشی ژنیش دەکات و لە ئاکامی سەرکەوتنی  شۆرشی «ژن ژیان ئازادی» بە پێشەنگایەتی ژنانی کورد، ڕۆژهەڵاتی ناوینی ئازاد و دیموکراتیک پێکدێت و بە ڕۆڵی ناوەندێتی خۆی پێشەنگایتی بۆ ئازادی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا دەکات.






KJAR

kjardiplomasi@gmail.com

kjar_official_page

www.kjar.online

@kjar-2014

@kjar_2014

@kjarOnline